خوێنەری کودر!

نووسەری یادداشتەکانی ڕۆژ لە کەیهانی ٢٤/١٠/٥٨دا نووسیویە: مامۆستای هەرگیز نەمرمان (دوکتور عەلی شەریعەتی) دەربارەی خۆیەوە دەیگوت: وتارێکم لە مەڕ پەیڕەوانی ئیمام عەلیەوە نووسیبوو؛ دامە دەزگای کۆڕی گشتی ڕاگەیاندنی ئیسلامی لە مەککە. زوو بە سەریاندا دامەوە و بە چەند جوێنی بێتامەوە گوتیان: کاورا شیعەیەکی زۆر غەلیزە! هەر لە سەر هەمان وتاریش چەند ڕیشدرێژی بە کاوێژ فەرمووبوویان: شەریعەتی بۆتە سوننی کلک درێژ!

جارێکیشان لە دانشگا قسەم دەکرد؛ ڕووناکبیرانی سمێڵ پان گوتیان: فڵان، لاگیری سەرمایەدارە! هەلێکی دی هەر لەو جێیە، هەر ئەو قسانەم کردەوە؛ چەند بیر کورتێکی ڕیشدرێژ گوتیان: سوورسوور کومۆنیستە! جا بەو پێیە دەبێ ئێستە شیعەی سیس و سوننی پیس و سەرمایەداری نەگریس و کومۆنیستی لامەزەب بم. داربەڕووی بنەتاڵوو بم! یەک تەنیشتی چوار پاڵوو بم!

منیش ئەگەر ڕاستت دەوێ، تا دەگەڵ بەرهەمەکانی ئاشنایەتیم پەیدا نەکرد، لام وابوو لە شیعەتیدا شەریعەتی خەستێکە ئەسکۆی تێ ناچێ؛ بەڵام لە لام ڕوون بۆتەوە کە ئەو پیاوە بە شوێن ڕاستیدا گەڕاوە و ئاوڕی وە چیتر نەداوە. بە پڕوپووچی سەد ڕیتاڵ و هەزار سووچی گزیکاران - کە بۆ بەرماوی زۆرداران - فش و فۆڵ و قاڵب بەتاڵ، بۆ ئیسلامەتی دووراوە و بە دەستی پیس و چڵکنی چەند کوڵکنێکی دوورەهەست تێهاڵاوە و داپۆشراوە، خەریک نەبووە. گەڕاتەوە سەرچاوە. ئاوی ڕوونی هەڵێنجاوە و لە چڵپاو وازی هێناوە. عیرفانە ڕاستەقینەکەی بەم نامیلکەیە لێی دواوە، لای ئەو بووە.

حەز دەکەم تەنبەڵی نەکەی و بیخوێنیەوە تا تۆش وەک منی بناسی و بە بستەڕیش بە فریو نەچی و لە ڕاستەڕێش شارەزا بی!

**ئیتر خۆشیت. برات: هەژار، تاران ١٧/١١/٥٨**

# پێشەکی

وام بە دڵدا دەهات بڵێم: وەرن با بۆ تاوێکیش بێ، خۆمان لە ناو چواردیواری دین و کۆمەڵاتی جوێ - جوێ ڕزگار کەین و بێینە دەرێ. سەرێک لەم دنیایە دەین و بێ هیچ سندم و پێوەندێک ئەم خۆکردە (تەبیعەت) بە دانستە شی کەینەوە و دەربارەی ژینی ئەوانەی ئەمڕۆ دەژین، بە وردی بتۆژینەوە.

گومان نییە مرۆ و خۆکرد هەرتک هەن و لە بەر چاون. جا بۆ چۆنیەتی پەیوەندی ئەو دوانە بە یەکترەوە و باری ژینی ئەم عیسانەی لە ناو ئەم خۆکردە دەژی، پێویستمانە هەموو جۆرە بیر و بڕوا و ڕێبازی لێکتر جیاوازی کۆمەڵانی بنیادەمی کۆن و تازە - کە ناوی دین یان فەلسەفەیان لێ نراوە و ئەزموونیان لە سەر گراوە - بە گشتی بە سەر کەینەوە. ئەوسا ئەگەر تۆزێک زیت و وشیارانە بدرێنە بە مەحەکی بیر، بۆ پیاوی ژیر دەردەکەوێ کە سەرچاوەی هەموانیان هەر سێ کانییە و ئەوانی تر هەموو جۆگە و شێلەگەی ئەم سێ سەرچاوەن؛ دەنا چەند لاپرەسەنێکن بایەخی لێدوانیان نییە. سێ سەرچاوەکە «عیرفان» و «بەرامبەری» و «ئازادی»یە. یەکەمینیان - کە عیرفانە - ئەگەر ڕاست بێ و عیرفانی هەر بە ناو نەبێ، بێ گرێ و گۆڵ ئەو دووی دیکەش دەگرێتەوە.

# عیرفان

مانای عیرفان بە تێکڕایی کاری کەسێکە دەیەوێ خۆی بناسێ؛ چی هێناویە؟ بۆ هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ دەبێ چی بکا؟ هەودا و مەودای ئاڵۆز و پڕ گرفچنکی دەوروبەری، لە بان سەری، لەم زەمینە پان و پۆڕ و بەرینەدا بپشکنێ؛ سەرەتای بدۆزێتەوە؛ یەک لای کا؛ گرێ کوێرەکانی ڕاکا؛ بە ماشەر هەڵیکاتەوە؛ بە عەقڵ لێکی داتەوە؛ مەودای ئەو هەودایە چەندە؟ لە کوێڕایە و هەتا کوێیە؟ کێ

ڕستوویە؟ کێ خستوویەتە بەر دەستی پەلەوەر و جانەوەران بۆ چینە و لانە و لەوەڕان؟ بە کوردی و کورتی کەسێکی لە دووی ڕاستەقینە وێڵە و تا هەموو شت دەبنج و بناوان نەکا ئۆقرەی نایە، پێی دەڵێن؛ خاوەنی عیرفان و عارف .

ڕۆژاوایی نشینەکان دەڵێن: زێدی عیرفان ڕۆژهەڵاتە و ڕاستیش ناکەن؛ چونکە زانست بە دانستە سەر بە هیچ مەڵبەندێک نییە. بگرە هەموو سەر زەوین و ژێر زەمین و پەی دەریا و عاسمانی شین و بەرزیش بۆ ئەو گەلێک تەنگەبەرە و بەگێرە تیا دەگونجێ. دەتوانم بڵێم ناشگونجێ. هۆی ئەو هەڵە زلەش ڕوونە: دەورانی کەونارای پێشوو (هەر زوو) ڕوژهەڵات لانکی زانیاری و ژیاری بوو. دانیشتووی نیوەتۆپەڵی خۆرنشینی ئەوسا - لە زانستا - کوێر و کوتر و کۆڵەوار بوون؛ لە ژیار و شارستانیەتی قوشقی و نەبان و بێزار بوون. ئەو دەمانەی ئەوان لە گوێی گادا خەوتوون، زانیاری بە عیرفانەوە لە مەیدانی خاوەر زەمین گاڵەی بوو؛ ڕمبازی دەکرد. هەر بۆیەش دەو قۆرتە کە کەوتوون کە عیرفانی ڕوو لە ڕۆژاوا نەناسراو - بە دای و باو - بە خۆرهەڵاتی بناسن؛ ئەگینا عیرفان وەک گوتمان پاژێ گرینگ لە سروشتە و دەپاڵ هەموو کەسدا هەیە.

بە پڕوای من داروینیش - کە لە سەر بیر و باوەڕی ماک پەرستی ئەو هەموو تەوسەی تێدەگرن - بە هێزترین بەڵگەی عیرفان دەگیرفانی عینسان دەخا. ئەو کابرایە بە زوانی زانیاری دەڵێ: ڕوەک و گیانلەبەرەکان، لە ڕێی ماک (مادە) و ئەرکی ئەندامانی لەشڕا (فیزیولوژیک) پێگەیشتوون. ڕوەک (نەبات) ڕووی کردۆتە زۆر بوون. پاشان ماکژی (ئامیب (و گیانداری تر هاتوونە دی. هەر تیرەیەک وردە - وردە بەرەو تەواوتر بوون چوون و ئەوسا مرۆی سەرەتایی - کە لە هەموان تەیارتر بوو، بەگزادەی ناو مەیموونان حەساو دەکرا - هەراشتر هاتە کایەوە. بەرە - بەرە مووی لەپی و دەستی هەڵوەری؛

تویڵی فرهھ بوو، هاتە پێش؛ چەنەی بەرەو دواوە خزی؛ کلکی پەڕی؛ لە سەر جووتە پێ ڕاوێستا؛ ئێستا ناو نراوە عینسان.

جا با ئەو جار سەرنج بدەین کە بە شوێن ئەو قۆناغەدا، چی مرۆی لە خزمەکەی خۆی - کە مەیموونە و تەرحیشی لە مەیموون ئەکا - هەڵداوێرێ و فەرمانڕەوایی ئاوایی پێ دەسپێرێ؟ بێگومان هەستی عیرفانە.

هەر ئەو مەیموونە کوڵکەوەریوە بێ کلکە، لە سەرەتا - لە خۆرهەڵات یان ڕۆژاوا یا هەر شوێنێکی تر ژیابێ - لە وچان و پشووداندا بە لانی کەم بیرۆکێکی لە مەتەڵۆکەی ژین کردۆتەوە. بە پێی مژی باش نەمەیوی و هزر و فکری نەگەییوی خۆی، بەرەو کانگای بردۆتەوە و بە خەیاڵ هەڵیهێناوە. بەڵان چونکە زۆر ساویلکانەی بۆ چووە، نرخی نەبووە و بایەخێکی پێ نەدراوە کە لە دواڕۆژێک کۆم بکرێ و فێرگەیەکی بو دابنرێ و ئیزمێکی دە کلکی بخرێ؛ ئەگینا هەر ئەو مرۆیەی کڕنۆشی بۆ بەردێک، بتێک یان شتێکی تر بردووە، داوای کۆمەک و یارمەتی لێ کردووە، جۆرە عیرفانێکی هەبووە کە ئێستا لە سەری ناکەین.

گەشانەوەی هەر ئایینێک بە گەشەی پەیڕەوانیەوە بەستراوە. بۆ نمونە: ئایینی هێندۆک ڕادەنێم. هەتا سەد ساڵ لە مەوبەریش گاپەرستی لە بەرچاوی موسوڵمانان ئەوپەڕی پەستی و بێ هەستی و بەڵگەی گێلی و نەزانی بوو. کەچی ئێستا کتێبی وایان دەربارەی دینەکەی خۆیان داناوە کە بە خوێندنەوەی شاد ئەبین. کتێبی وان زۆر لە کتێبی موسوڵمانان - کە دەربارەی ئیسلامەتی دانراون - بەپێزترن. رادهاکریشنان دەربارەی پیرۆزی گا و پەرستنی، کتێبێکی وای نووسیوە کە ئێمەمانان تا ئێستاش لە مەڕ بێ شەریکی خوداش نووسراوێکی وامان نییە! جگە لەوەش زۆر لە زانایانی هیندی سەبارەت بە خوداکانیان - کە هاوبەشن و هێندەش زۆرن دەژمار نایەن - شتی ئەمەندە بە نرخ و پیاو

ڕازیکەریان نووسیوە کە لەوپەڕی بەرزیدایە و سەرنجی خەڵکی دنیایە بەرەو خۆیان ڕادەکێشن. لەو بارەوە وەباڵ بەستۆم لەملدا ئەوان لە پێشن؛ کە دەبوا بەراوەژوو با؛ چونکە هەستی تاک پەرستی لانی کەمی دووهەزار ساڵ لە دینی هیندوو کۆنترە. بەو پێیە با دەبوو ئێستا - هەر هیچ نەبا - دووهەزار پا لە پێشتر باین. بەڵام چونکین کەوتۆتە بەردەستی ئێمە، ئێمەش لە پەستا بەرەو پاش دەکشێینەوە، دینەکەمان بۆتە گەپچاڕی هەندەران. وەختە بڵێم ڕۆشنبیرانی خۆماڵیش لێی بێزارن.

دەبا با دەینەوە سەر خەت:

هەستی عیرفان وێڕای سرشت - وەکوو جمک - دەگەڵ مرۆ هاتۆتە سەر ئەم زەمینە.

-عیرفان چییە؟

-دڵخورتیە، بزوێنی بەرەو زانینە؛ کە تووش مرۆی ژیر و خاوەن بیر هاتووە. عیرفان دڵداری و ئەوینە؛ خولیای پشتی پەردە دینە. تا پیاو ئەوینێ نەچێژێ نەبۆتە پیاو. وەک مەولەوی ڕۆمی دەڵێ: مەلایەک ئەویندارە نەبێ، گایە و مێزەری لە سەرە! ئەو شێخە سەر تاپا شینەی بو بیر لەو عاسمانە پانە و ئەم زەمینە پڕ لەو هەموو تەرزەژینە، سەبرە خورپە دڵی نەبزوێنێ، لە حاندی دیمەن چاو داخا و لە دەنگ و ئاواز و سازی هەزار تەرزی نزم و بەرزی ئەم خۆکردە خوشیک و جوان و ڕەنگینە گەشە نەکا و لە لای با بێ و هەر گوێچکەی بۆ بتەپێنێ و لە کرگاری شیرینکاری - کە چییە و کێیە - دانەمێنێ و بۆ ناسین و بۆ زانینی ڕانەمێنێ، هەتا ئێستاش هەر لە جوونە مەیموونەکەی پێشینەیە؛ کوڵکەی توڵەکی کردووە و هەڵوەریوە؛ کلکی کروزی پەڕیوە و ناوی خۆی لێ ناوین عینسان.

ڕاستت دەوێ؟ کەسێ تامی ئەو دلخورتیە پاک و چاکەی بەلادا تێنەپەڕیوە و نەیدیوە، گوێرەکەیەکە لەو دەشتە بەرەڵا؛ لۆژ - لۆژ دەگەڕێ و دەلەوەڕێ. لەوە پێوە هیچی لە هیچ نەزانیوە. ئەگەر سەد ساڵ تەمەنی بێ، نابێ بڵێین خۆی ناسیوە.

سەرچاوەی دڵخورتی چییە؟

ئەو مرۆیەی لە مەیموونی ترازاوە و ناوی پیاوی لە خۆ ناوە، نیاز و ئاواتی لە ژیندا هێندە زۆرن کە نەک پێکهێنانی هەموان، بگرە نیویشی بە خۆکرد دابین ناکرێ. ژیرکردنەوەی ئەم جانەوەرە دوو پایەی گڕوگرە لە وزەی خۆکرد بەدەرە.

-بۆچی؟

-چونکە خۆکردەکە وەک هۆڵێک یان وەک دۆڵێکە کە پیاو و گا و جانەوەر و پەلەوەر و گەڕۆک و خزۆک و ڕووەک، تێکڕا لەو ڕەهۆڵە دەژین، یان لەو دۆڵە دەلەوەڕێن.

بەڵێ خۆکرد بۆ پێکهێنانی ئاتاجی گیانلەبەران هاتۆتە دی و پڕ بژیوە؛ بەڵام مرۆ، مرۆی بزۆز، خوا دەفەرمووی: «مرۆ بزۆز دروست کرا». مرۆی چنۆک و خاپینۆک، بە ژیانی جانەوەرانەی دوور لە گۆڕان قنیات ناکا. ئەو کۆنە مەیموونە ڕووتەی کە هەستاوە و لە سەر دوو پێ ڕاوەستاوە، لە جانەوەری ڕەمەکی خۆی زۆر بە زلتر دەزانێ؛ بە فیزەوە بەرەو بەرزیەتی دەڕوانێ. لە هاوئاخوڕی و ئاوماڵی دڕندە و چەرندەی ماڵی - کە ئیشێکە هەمیشە پێ و تۆقێکە لە ملی هاڵاوە - زۆر جارزە؛ لەوەڕی لێ بۆژۆ بووە؛ شتی تازە و زۆری دەوێ و کەمتری وە دەست دەکەوێ. لە وەڕەزیان کەم - کەم دەگاتە ڕادەیەک بە تەواوی ئەم ژینەی لەبەر دەبێزێ. بە قێزەوە لە خۆی و لە ژیان دەڕوانێ. خۆی لەو ناوە وەکوو نامۆ و غەوارەیەک دێتە بەرچاو. بۆ دەرەتانێک دەگەڕێ کە بێتە ڕێ. بەشکەم بەوێدا بگاتە جێ

ژیانی لەم ژینە هەموانییە خۆشتر؛ خۆشی بۆشتر. بە چاو، بە دڵ، بە چاوی دڵ بۆ سەر چاوەیەک دەنۆڕێ کە تینوایەتی دەرروونی پێ بشکێنێ. ڕادەمێنێ تا هیچ گومانی نامێنێ کە ئەوەی ئەو گەرەکیەتی لەم ماڵە دەستی ناکەوێ؛ دەبێ هەر چۆنێ بۆی بلوێ لەم کۆنەچاڵە دەرکەوێ و بەرەو هەوارێ سەر کەوێ هەواکەی سازگارتر بێ. ئەو هەوارەش نادیارە؛ بەرپیوارە؛ عارەبان پێی دەڵێن (غەیب.(

ئەو نادیارە لە کوێیە؟ نییە؟ هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆنی بۆ بچێ؟ چۆنی دەقەمچی دەکەوێ؟

من نامەوێ بکەومە پەرسڤ دانەوەی ئەم لە کوێ و چییە و چۆنانە؛ چونکە دەکەومە ناو شیوی سۆفیانەیەکی تایبەتی و تیێدا سەرم لێ دەشێوێ.

با لێی گەڕێین. ئەگەر ماک پەرستان دەڵێن لە دووی نەدیاران ماندوو بوون پیاو بەرەو پاش دەباتەوە و لە بارستی گەشەداری نزمتری دەکاتەوە، باوەڕ ناکەم. من لام وایە دوای ئەم نهێنی کەوتنە خۆی هەوێنی سەرکەوتنە. چونکە ئەگەر هەر بەوەندەی لە بەر چاوە قنیات بکەین، هەر کاتێ وە دەستی بخەین ڕادەوەستین. بەڵام وەختێ بەو نەختە چاومان پڕ نابێ، بۆ پڕ بوونی دەبزوینەوە، ئەم بزۆزی و بزووتنە، هاندەری تێگەیشتنە و پێ پیلکەی پێگەیشتنە. هەڵوەدا بوون بۆ ئەو شتەی کە لە ناو خۆکردا نییە، پیاو لە کەوشەن و سنووری دیاری کراوی لە بەرچاو لە خۆکردا، بەرەو بەرزتر ڕادەدا. لەو هاندەر و تەکاندەرەش مەبەستم هەستی عیرفانە.

عیرفان چرایەکی ڕوونە لە دەروونی خاوەن بیردا هەڵکراوە؛ خشت و خاڵی لێی تێپەڕیوە و بەرەو بەرزتر فڕیوە تا ڕەسیوە بە پایەیەک پەریش دەخەوی نەدیوە. بە فەرمایشتەکەی سەعدی:

ئەم سندمە گڵینە بشکێنە تا بزانی

ڕەمکێشی گش مەلانی و لە تەشقی عاسمانی

مرۆ دەگاتە شوێنێک مەگین خودا لەوێ بێ

بنۆڕ چ پایە بەرزیت؟ هەر هیندەیە خودا نی

هەموو دینێک، هەموو ئایین و مەزهەبێک ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژاوایی، ئەفریقایی، ئاسیایی، بەرد و دار و بت و گا و شەیتان پەرستی، چەند خودایی یان یەکتایی، بن تایەکەی بە عیرفانەوە بەسراوە. هەر بیر و بڕوا و یاسایەک کە کۆمەڵ بەڕێوە دەبا - با سەر بە عیرفانیش نەبێ - پەرە و پتەوی و برەوی بە زانست و زیتی و ژیری و ئاکارچاکی و دەست و دڵ و داوێن پاکی و هێز و بەکاری چالاکی هۆگر و پەیڕەوانیەتی. ئەوان بەکار بن، لە کارە و گەشەدارە. پەیڕەو خوێڕی و بێکارە بن، ئەویش قرخن و پووچ دەبێ و لە سووچێک دەپوچێتەوە!

شاڕێ لەبەر مرۆ دووانە: یان عیرفانە، یان گیرفانە.

ئەوی لە عیرفان بە بێزە و لە ڕامان و بیرەوەری بۆ خۆناسین ڕەوەک و دوورەپەرێزە، لەوانەیە جانەوەرێکی لێ دەربێ زۆر وریا و زیت؛ خاوەن بزاو بۆ دراو پەیدا کردن و ڕابواردن و زاڵ بوون بە سەر ئەو خۆکردەی تیا ئەژیت. لە کردەی خۆشی ڕازییە. دەکرێ بەو کابرایە بێژن: زیرەک لە جانەوریدا؛ نەک وریا لە مرۆڤایەتی. مرۆی بە ڕاست - نەک بە درۆ - گەرەک پایەی لەو جانەوەرە دوو پایە باڵاتر بێ. هۆی باڵاچوونیش عیرفانە.

عیرفان گیرفان ئاخنین نییە؛ لە زگ زل کردن تەریکە؛ لەبەریکی دڵ خەریکە: لە خۆڵ خوازی واڵا دەکا. ڕادەی بارستایی هەستی بۆ ڕاستینە دۆزینەوە باڵا دەکا. جا ئەو هەستە هەر چەندی بە پێزتر دەبێ،

ئاواتی نەدیاری دینی لە دڵدا بەهێزتر دەبێ و بەرەو بە پیاوبوونی دەبا؛ تا دەیکا بە پیاوی تەواو. تا پیاوەتیش تەواوتر بێ، بۆڵە و پرتەی لە ژیانی جانەوەرانەی خەڵکی ڕەمەکی زۆرترە.

کەوابوو، عیرفان و گیرفان وەکوو دووتای تەرازوو وان. کێ دەروونی ڕووناکترە، تای پارە و پول پەرستنی سووکتر و دوور لە خاکترە. کێش هەر بە مەیموونی ماوە و هەر لەوەڕی لە بەرچاوە و هیچی تر نا، لای ئاوەزی ڕای ڕاستینە دۆزینەوەی، پارسەنگی سەنگینی دەوێ.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ: عیرفان بەو مانایەی گوتمان، هەستی ڕاستی دینەوەیە؛ تا دینی تێ نەچێنراوە، کاری بە خواناسین نییە. زۆر پیاوی وا هەبوون، هەشن، بلێمەت و تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، بە بێ وچان لە شوێن ڕاستی دۆزینەوە هەڵوەدا بوون؛ وەکی دیش دژی خودا بوون. داستایوسکی، سارتر و ئالبیر کامۆ بۆ نموونە دەهێنمەوە. یەکەم نیوە دوژمنێکی دینە. دووهەم خودا و هێزەکانی نەدیاری هەر پێ چ نینە! سێهەمینیان ماک پەرستە (ماتریالیستە). دەڵێ ئەو خوایەی کە دەڵێن هەیە، زای ماددەیە. نەدیاری دەئارادا نین. هەر یەکەش بۆ سەپاندنی بیر و بڕوای زۆر دواوە. کە چی ئەگەر بە وردی سەرنجیان بدەین، زوو تێدەگەین ڕەگی دڵیان بۆ جۆرێ عیرفان لێی داوە. بەڵام دەگەڵ عیرفانەکەی ئێمە - کە خواناسی لێ دراوە - یەکتر ناگرن. بە بڕوای من هەرتک تیریان بەرەو ئامانجێک هەڵداوە. یەکیان سەر و بەری کروە و یەکیان نیشانەی پێکاوە.

سارتر و هاوبیرەکانی بەڵێ دەڵێن: خودا نییە، بەڵام دەشڵێن ئەم وێڵی و بێ خوداییە بوون و ژینی بنیادەمی یەکجارەکی بێتام و ناکام کردووە. بەڵام چ بکەین؟ چارمان چییە؟ خودا نییە و ئەگەر نەشبوو لە کوێی بێنین؟

تۆ بڕوانە! کاتێ ئەم جۆرە کەسانە خوا لە خۆکرد هەڵداوێرن، لە نەدیاران خۆ دەبوێرن، ئەم ڕاستیانەش ئەدرکێنن کە لە سۆنگەی بێ خودایی، مان و ژین لەم خۆکردەدا بۆتە مۆتە و خواخواتە لێخەت بێتەوە. بێ کوێخایی لە ئاوایی، ژیان لە پیاو دەکا بە سندان.

گەرەک بە خوت و خۆڕایی و بەرهەڵدایی ژین ڕابوێرن. ئەویش چ ژین؟ بێتام و خوێ؛ بێناو و توێ؛ تا سەرلەنوێ بەرەو خاک دەگەڕێینەوە! واتا ئەوانیش هەست دەکەن بە نامۆیی لە ژیانی جانەوەرانە - کە پنج و ڕیشەی عیرفانە - بەڵان دەرتان شک نابەن. ئەوسا پوخت و پاراوەکەی، دەراوی دەمیان وای لێ دێ؛ چونکە دنیا بێ خودایە؛ لێ پرسینەوەیەک نییە و لە چاوەدێری ئەو هێزە نادیاریانە بە دووری. دەتوانی هەر کارێک بکەی؛ هەڕە! وەرە! لە سەچۆک دانیشە! ڕابە! چۆنی خۆت پێت خۆشە وابە! چاک دەبی یان خەراپ دەبی؟ خڕکە دەبی یان سواپ دەبی؟ بە دیمەن جوانی؟ دزێوی؟ زمان پیسی؟ باش داخێوی؟ گوێ مەدەرێ! ئەو خۆکردەی گەرای مرۆی وەک من و تۆی هەڵێناوە، بێ سەر و زمان و چاوە؛ نەحەساوە؛ نەکیتاوە؛ نە تەرازوو داندراوە؛ نە دۆژەهە نە بەهەشتە لەو بترسی و بە هیوای خۆشی ئەمە بی. هەتا دەژی هەتا لە سەر ئاو و بەژی، بە کەیفی خۆت جووتی خۆتی لێ دابەستە و لێخوڕە دەشتە!

جا بەو پێیە ئەگەر وردتری کەینەوە، سەیر و سەمەرە دەبینین. پیاوی زانا بۆ لە دەستچوونی پیاوەتی ئەشێ بکەونە گەرمەشین! جا چۆن ئەوی یاری هەژار و داماوان دەکا و لە ڕای ڕزگاری گەلانی بەخت کەوتووی ژێر چەپۆکەی چاوچنۆکان گیانی خۆی بە قوربان دەکا، دەگەڵ نامەرد و ملهوڕی ستەمکار و ڕژد و قرپۆک - کە بۆ سوودێکی بێهوودە هەزاران ماڵ وێران دەکا - پاک لە پاک بن؟!

لەم باسە بۆمان دەرکەوت کە ڕۆشنبیرانی زۆرزانی خوانەناسیش ئاتاجیان بە خوایەک هەیە؛ بەڵام دەڵێن بە داخەوە نییە! لایان وایە ئەگەر بوایە کار لە جێیەکی تر دەبوو. ترس لە خودا و هۆمید بە

خوای دژی پەستی و ڕاستی پەسند، دەبوو پێودانێکی زۆر جوان بۆ عادەمی و تەمی خەمی بێ شوانی لە سەر دەڕەوی.

سەرنج بدە! ئەمان دەڵێن: ئەگەر خودا هەبا، باش بوو. عیرفانەکەی خۆمان دەڵێ: ئەگەر هەبوایەی پێ ناوێ؛ هەیە و باشە.

ئاوات خوازی بۆ بوونی خوا دەگەڵ دان بە بوونی خوادانان، هەر دووک بەرهەمی عیرفانن؛ هەر دووکیان مرۆ لە جیهان غەوارە و نامۆ دەزانن؛ کەچی بە بارێکی دیکە وەک زانیمان لێک نەبانن.

ئەم دوو عیرفانە لەلای من وەک دوو پیاون، لە چۆڵێک ڕێ لێ شێواون؛ لە توونیان ئارام لێ بڕاون؛ تەنگەتاون.

لە پڕ و نەکاو کێوێکی ڕژد و کراڵیان دێتە بەرچاو. لێ بڕاون وە سەری کەون بەشکوو لەو دیو کانییەک، چێنکەیەک، زنەیەک وەگیر کەوێ، کوڵی دڵی تینگیانی پێوەنیشێ.

یەکیان - کە قۆچاختر بووە - سەرکەوتووە و دەست لە بەرچاو دیارە بۆ شتێک دەڕوانێ و شوێنێکی بەدی کردووە. یەک ملی لە هەوراز ناوە؛ لە نیوەی ڕێدا وەستاوە؛ لەو بڕوارە قەتیس ماوە؛ وزەی سەرکەوتنی نییە. داگەڕانیش زۆر گرانە. پێشوو پێدەشتی ناسیوە، وشکارۆیە. ناشزانێ دیوی نەدیوی ئەم کەژە سەرکەشە چۆنە. ئاوایی و ئاوی لێ هەیە؟ یان ئەویش هەر وەک ئێرەیە؟ دوودڵە و کاری موشکوڵە؛ ورەی بزاوی بەرداوە.

جا ئەم دوانە هەر چەند بە یەکتر نەگەیون، بەڵام هەردووک لا تێکڕایی لە نزمانی نشینەکان بەرزترن.

بە ڕوای من لەم ناوەدا عیرفانە کەونەکەی خۆمان لەم تەرزە عیرفانە تازە لە پێش تر و بەکێشترە. لە بیری ئاوێتەی ئایین، هەویرێکی زۆر بە پێزی ڕەنێو هێنا، تەکیدا بەلای خوداوە. پێودانی بۆ ئاکار دانا؛ چاک و خراپ و پاک و پیس هاوێر دەکا؛ گراری خۆی پێش لێنان دانبژێر دەکا. بۆ کار چاکان پاداشی باش ڕەچاو دەکا. پیاوخراپان بە هەروگیف خوێریلە و بێ زراو دەکا. دژی مرۆی پەت پسیاگ و بەرهەڵدایە.

خۆ ئەگەر دڵخورتی عیرفان لە دەروونی پیاودا نەبێ، مرۆ وەک بەرد و سواڵەتی بێ هەست و خوست و نزم و پەست، دەژێ و دەمرێ. وا دەبینین شارستانیەتی ئەمڕۆمان - کە بێ خودا هات و هەراش بوو - بۆتە کومەڵگای زۆر تەیار؛ بەڵام پڕ لە چەند دڕندەی مرۆخۆر و بێ بەزەیی!

پیشە و هونەر هەتا بێژی لە برەوایە و بە ڕاستی دەوری باڵایە؛ بەڵان چونکە خودای تێدا لە بیر چووە، دەکرێ بێژین ژیار و شارستانی هەیە؛ پیاوی شیاوی تەمەددونی تێدا نییە. کەچی ئێمە لە پێشوودا زۆر پیاوی زۆر شیاومان هەبوون. داخەکەم کۆمەڵگای ئەودەم پاشکەوتە و سەرەونخون بوو!

گوتمان عیرفان (بیر کردن لە بوون و نەمان و لە شوێن ڕاستەقینە گەڕان) مرۆی لە جانەوەری تر جیا کردەوە؛ بەڵام هەرگیز خۆی لێ جیا نەکردەوە.

لە ڕۆژهەڵات، کە دین داهات عیرفانیشی تێکەڵاو بوو. دین لە چاخی ساوایەتی و لە تافی خورتایەتیدا ئاوێنە بوو بۆ خۆناسینی بنیادەم؛ بۆ شاندانی ڕای هاوبەشی و ژینی بێ خەم؛ دژی یاسای چینایەتی، دژی داگیرکەری و ستەم؛ بەڵام وەختێ بەساڵدا چوو، بوو بە داردەستەی زۆرداران و تەوەزەلان و بێکاران، لە دژی کز و نزاران.

مێزەر بە سەری خاپێنەر - بە ناوی چینی ڕۆحانی - خۆیان لە گەل هەڵاوارد و بوونە چینی باڵاتر و بە ژیانی تەنبەڵی دەژیان. بۆ پارێزگاری لەو ژینە تەوەزەلیەش نیازیان بە پارێزگاران بوو بیانپارێزێ. پارێزگار لە چینی هەژار، دەبێ ملهوڕ و زۆردار و نالەبار بێ. ناچار دەبوو وەک بۆخۆیان لە سەر ئارەقی ناوچاوی بێ زۆر و داماوان دەژیان، ئۆباڵکێش بن بۆ زۆردار پارێزگاریان کە دەتوانێ بخوا و بکوژێ و نەترسێ. کاکڵەخۆشەی دینەکەیان لە ناو برد و پڕیان کرد لە پڕ و پوچ و خەرافات و مێشکی بێچارانیان تەزاند و دنیایان کردە هی خۆیان و بە دەم بەهەشتیان دەبەخشی. هەر کەسیش بیگوتایە لەل، بە فەرمانی مام ڕۆحانی کافر بوو؛ دەچووە جەهەندەم.

چینی چەوساوە و بەربێگار، چاری ناچار بۆ ساندنەوەی مافی لێ داگیرکراوی - کە گەوهەری ئازادییە و خوا و سروشت پێیان بەخشیوە - ڕاپەڕیوە. ئەو چینە چەوسێنەرەوەی لە ژێر ناوی گزیرایەتی خودادا هەموو مافی لێ دزیوە، لە بەرانبەر خۆیا دیوە و پێی زانیوە ئەو تۆق و کۆت و زنجیرەی بە ناوی خوا و عیرفان و دین لە پەل و ملی هاڵاوە، لە کێوەیە. ئیتر بێزی لە دین و عیرفان و خوداش هەستاوە و تووڕی داون. ماڵم هەقە هەقیان بووە.

-بۆچی؟

-تۆ خۆت بیری لێ بکەرەوە:

کابرایەکی ئازادیخوای ئورووپایی تێگەیشتوو یان ڕەشایی کە دەبینێ کەشیشە کوێخادینەکەی هەر بە دەم - بە ناوی مەسیح و مریەم - خوێنی دەمژێ، ئێسکی دەکرووسێنێتەوە! یان ئەو ئیسلامە ڕەمەکیەی کە هەر چەند دەکا و دەکرێنێ لە بێگاری مەلا و مفتی و ئاخوند و ئایەتوڵڵایان هیچ سات و دەم پشوو نادا، هەر تۆزێکیش لیچی لێ بکا بە لادا و ورتەی لە دەم بێتە دەرێ و بڵێ بۆچی؟

باسی سەریە و مێزەر بەسەر دەیکەنە دوژمنی خودا و بە ناوی دین فتوای کوشتنی دەر دەکەن و چەرمی لە دار دەهاڵێنن. بەستەزمانە لە سەر ئەو چەرمەسەرشڕا چۆن دەتوانێ لە ئینجیل مینجیل بڕوانێ یان بچێتە سەر قورعانێ و ماناکەشی باش بزانێ، داخۆ خوا دەربارەی مرۆ، دەربارەی مافی ئازادی چی فەرمووە؟ ئەوسا ئەگەر ڕوانیشی چی؟ یا خۆ ئەگەر زانیشی چی؟ چۆن دەوێرێ کوێخاگیان وەدرۆ خاتەوە و درۆی بەسەردا داتەوە؟ ئەوا گریمان وێراشی دەمی ببزوێ و باخێوێ، کام خاوەن دەستەڵات هەیە هیچی بە کڵاوی بپێوێ؟ زۆردار و دەسەڵاتداریش هەر خۆیانن؛ یان دەست و پێ و سەربەوانن. عاسمان دوور و زەوی سەخت و ئەو بەدبەختەی بێ بەش لە ژیان و گیان سەختە چۆن شانی هەڵنەتەکێنێ و لە هەر هەلێکا هەڵکەوێ، واز لەو زاڵمانە نەهێنێ؟

با جارێ لە چڵکاو گەڕێین کە فێڵباز دەڵێن ڕووناوە. پێ هەڵگەڕێین تا دەچینەوە سەرچاوە. با بزانین ئاخۆ ڕاست دەکەن؟ هەموو دینێکی عاسمانی لە سەرەتای پەیدا بوونیدا، چین و مینی تێ نەخراوە. لەو ناوەشدا دینی ئیسلام (ئیسلامی ڕاست) لە ڕاست دینەکانی دیکە لەبار و بێ بژارترە؟

دەڵێن قسە قسە دێنێ. نامیلکەیەکم خوێندەوە نووسەرەکەی خەڵکی ئەمریکای لاتینە. دەتگوت چاردە چەرخ زووتر ئیسلامێک ئەمەی نووسیوە. کابرا دەڵێ: بەختی خۆمان کە ئێمەی شۆڕشگێری ڕاست لە حاست یەکتر کەس خۆی بە زلتر نازانێ. ئێمە وا نین کە هێندێک پیلان ڕێک خەن و هیچ کار نەکەن. ڕێکمان هەر داهێنەربن؛ فەرمان بدەن. زۆریشمان شەکەتی کار بن و هەست ڕاگرن هەرچی ئامۆژگاریکەران پێی دەڵێن هەر ئەوە بکا. هەر یەک لە ئێمەی شۆڕشگێر هەر سێکیانین. کارکەری خاوەن بیر و ڕاین؛ بیرەوەری لە کار ئازاین؛ هەم شاگردین و هەم وەستاین.

با بزانین ئیسلام چۆن بووە و ئێستا چی بە بە سەر هاتووە؟

هەموو یارانی پێغەمبەر، پێغەمبەری خوداش پێڕا، هەر کەسەی هەمەکارە بوو. هەم بیرەوەر، هەم پێشمەرگە، هەم مەلا بوو. لە مزگەوت ئامۆژگار بوو. جەنگ با، پێشمەرگەی بەکار بوو. کاتی هێمنایی و تەبایی دەچووە مەزاریە وەرزێر بوو؛ لە باغی خورما ئاودێر بوو؛ سارەوان بوو؛ زۆر لە تەنبەڵی نەبان بوو.

ئەم چین چینی و هەڵاوێریە، ئەم بەزمی چاوساغی و کوێریە، مەلا و ڕۆحانی لە باڵا بە بێکاری، چینی بۆرە پیاگ لە چاڵا بە هەژاری، ئەو دەم - نە زۆر نە کەم - لە ناو موسوڵماندا نەبوو. گزیکارانی پاسەوان، لێی بوونە ورچی ئاشەوان! لەبری مێش لێ دەرکردنی، سەریان بە گاشە هەنجنی و مۆخەی ئیسلامەتیان چنی. وەک تۆوی گاڵ و هەرزنی بڵاویان کرد و قاویان کرد: هەر کەس بڵێ چینایەتی لە ئیسلامەتیدا نییە، مەلا و ئاغا لە بۆرەپیاو جودا نییە، وەک ئەو بێ ئیمانە وایە کە دەبێژێ خودا نییە! جا ئەو چینە سەرشینەی باڵانشینەی خۆی داوەتە پاڵ دەسدار و بۆتە گۆپاڵی زۆرداران لە دژی نێز و هەژاران، بوونە تاشەری نەیاران و بە داخەوە خەڵکیان لە دینەکە تاراند.

بیری لە خوا تەکینەوە لە ئەورووپا سەری هەڵدا. ڕووت و ڕەجاڵی چەوساوە هەر لەوساوە ئازادی لێ سێندراوە، لە هەلێکی وا خەفتاوە بە گژ هۆی بەدبەختی خۆیدا بچێ؛ کە ڕەوەی کەشە و مەشەشی دەگرتەوە. تا بەر لە چەرخی هەژدەوە جار و بارە ڕادەپەڕی؛ بەڵام نە زۆر بە تەوژم. لە چەرخی هەژدە و نۆزدەوە چەرخی ماشێن کارێکی کرد کە نێوانی چینەکانی دەوڵەمەند و دڵمەندان و هەژار و دراودارانی زۆرتر لەبەر یەک کێشاوە و بوو بە هۆی هەرا و ئاژاوە و ئەو لێشاوە دەگەڵ ڕادانی هەژاران، خوا و عیرفانی تازە کورەی کەشیشانیشی ڕاماڵی.

بۆ وەی باشتر ئەم باسەمان ڕوون کەینەوە گەرەک ئاوڕێک بۆ پێش و پاش چەرخی ماشێن بدەینەوە. بەر لە ماشێن وەرزێر زۆر، کرێکار کەم بوو. وەرزێری ڕووت بە سەپانی لە زەمینی زەمینداردا کاری

دەکرد. زەمینداریک بیست تا سی وەرزێری هەبوو. سەپان پێنج یەکی بەرهەمی مز دەبرد. دووکوتیش لە پێنج کوتەکە لە بنەتۆکە و ئامێر و دەمەنیای گاسن و نان و چێشتی زبارە و گا لەوەڕێن و پەرژین و بەند و جۆماڵ و بژار و سوورانەی خەرمان و هی تر دەچوو. ئەو پەڕەکەی بۆ زەمیندار لە دەیان چوار دەمایەوە. با وای دانێین کە تێکڕایی هەر سەپانەی پێنج خەڵواری ڕەنێو دێنا. سی پێنج ناکا سەت و پەنجا؟ لە دەیان چواری دەکا چەند؟ خۆت بڵێ شێست! بێژین ساڵی تەڕەساڵ با پتر دەبوو؛ بۆ هەشتا و نەوەد هەڵدەچوو.

کە وەرزیش ڕژد و کراڵ و شکەساڵ با، خەڵوار دەبوونە تەخار و ڕادەی بەرهەم دەهاتە خوار. ئەوسا کە فیئوداڵ (خان و ئاغا و بەگی قەبە) نەبوو، بەشی زەمیندار ئەمە بوو؛ دەبوو قنیاتی پێ بکات. نەیشی دەکرا دوو هەزار سەپان دەکار کا و خۆی بە یەکجاری تەیار کا. چونکە زۆر زەمینداری دیش لە پەنای ئەو لاسای ئەویان دەکردەوە و لە کردەوە هاوبەش زۆر بوون.

جیا لەمانەش بڕێ وەرزێری واش هەبوو خوردەپا بوو. پارچە زەوی و جووت و نیر و هەوجار و مەساسە و گاسن و خشێک و پاچ و پێمەڕە و شەن و بێڵ، واتا ئامرازی زەوی کێڵ، هەرچی هەبوو سەربەخۆی بوو. هێندێکیش پاتاڵی دۆی بوو؛ هەنگ و مامری بەخێو دەکرد. بە هێلکە و ڕۆن و ڕیچاڵ و دانەوێڵە و تەرەکاڵ و گەنم و جۆ و زوڕات و گاڵ و چەوری و سپیایی و شیرنایی و تەڕەماش و تەڕەسازی، خۆی دەسازا و کەیف ساز و بێ نیاز بوو. ئیتر وەرزێر سەپان با یان خوردەپا با، ئەو پەڕەکەی هەشت مانگی ساڵ ماندوو دەبوو؛ باقی بێکار لە ماڵ پاڵی لێ دەداوە، دەحەساوە. مەودا و ماوەی بو دەڕەخسا ئاوڕێک وەخۆی بداتەوە؛ خۆی لە ناو ئەم خۆکردەدا تۆزێک بەسەر بکاتەوە. بەڵام لە چەرخی هەژدەوە کە پیشەسازی پەرەی گرت و ماشێن داهات، کارەسات لە شوێن کارەسات بە سەر چینی چەوساوە هات. بەرهەم یەک و سەد زیادی کرد. کابرا سەپانەکەی دوێنێ کە دەخرا

تەنشت ماشێنێ، بەشی خاوەن ماشێنەکەی لە دوو کردە پەنجا و سەت و دووسەت و بگرە زۆرتریش. لە پێشوودا پێنج کرێکار لە کارگەی پێڵاو دروونداا ئەگەر خۆشیان بکوشتایە تا ئێوارێ دوو جووت کەوشیان تەواو دەکرد. بەڵام بە یارمەتی ماشێن دەیانتوانی ڕۆژێ هەزار تاکیش بدروون. بەرهەم سەرجەم یەک و سەت و ئەولاتریش باڵا برا. مزی کرێکار کە جاران لە دە دوو بوو، بە هەزاران ناری عەلی، بە نیخەنیخ گەیشتە سەدیەک هەتا دوو لە بەروبوو؛ ئەوی تر خاوەن کار دەیبرد. زۆری نەبرد تای تەرازووی بەهرەبەران چەقیە زەوی و ڕادەی بژیوی ڕەنجدەران هێند نەوی بوو لە تام دەرچوو؛ دنیا بوو بە دوو بەشەوە: سەرمایەدار و کرێکار.

سەرمایەدار ببوو بە مار. کرێکاری وەک بۆق و مۆق و چوێلەکە ڕاو دەکرد و قوتی دەدان. ئەمجار وەک دەڵێن: ئەگەر مار مار بخوا دەبێتە هەژدیها، سەرمایەدار - کە دە پێشدا سەرلەنگۆڕی هەزاران بوون - بە خواردنی چێشکە و پێشکە دانەسەکنان؛ دەستیان کرد بە یەکتر خواردن. کێ زۆر و زێڕی زۆرتر بوو، کەمزۆر خۆر و زۆرخۆرتر بوو. سەرمایەی سەرمایەداری دراوسێی پار و پێراری، دەکردە پاروەخۆشەی خۆ و خۆیشی بە ڕووتی و نەداری بە کۆمەڵی کرێکاری هەژاری دەم لە پووش دەسپارد. هەتا دەهات بەرەی نەدار دەپەنەما و سەرمایەدار هەڵدەقرچا و دەهاتە یەک. تا کار گەییشتە ڕادەیەک شارێک، مەڵبەندێک، وڵاتێک - خڕ و پڕی - دەبوو بە کۆیلەی زێڕکڕی چەند کەسێک یان چەند ناکەسێک کە بە پەنجەی دەست دەژمێران. ئەو دەستە چەتە بێ پەتەش بە کۆمپانی و شیرکەت و میرکەت ناو دەبران. ئیتر زەوی چی و ئاوی چی؟ ڕبە و گەزی چی و جاوی چی؟ وردەپای خاوەن زەمین و کرێکاری لە مێژینە و کۆنەداراکەی ڕووت کراو سەر لەبەر تێک هەڵشێلدار و بەرگی کاری دەبەر کرا و بە نانەزگ وە کار خران. پخۆ و بڕۆ! هێز فرۆشی بێ سەرمایە، هەر کون دەبەیان نەدەبوو دەبوو بچێتە سەر کاری. گوێ لە مستی ماشێنەشین تا ئێوارێ بێ پشوودان، بی سەر خوراندن ماندوو بێ. درەنگانێک دەس هەڵگرێ. شل و شەکەت بە لارەلار، دڵ پڕ جغار، گیرفان بەتاڵ، بێتەوە

ماڵ. ماڵی چی؟ هێلانە پەپووا! لێ وەرکەوێ و سەکەت ببێ. ئیتر ئەو هەلەی لە دەس چوو کە بتوانێ لە عەرز و عاسمان بڕوانێ و بیر لە ڕوەشتی سوروشت و نەدیاری و عیرفان کاتەوە. سەرمایەدارە مارەکەش لە خوای دەوێ چینی چەوساو خوا و خۆیان لە بیر بەرنەوە و خۆی بتێک بێ، بیپەرستن؛ خۆشی دراو بپەرستێ و دەربەستی هیچی تر نەیە.

بێ مایە و بێ پایەکانی دەسخەڕۆ و خاپێندراوی گزی و درۆ، دەڕۆن و دێن. گیانلەبەرن بەڵام نازانن چۆناوچۆن. کراونە بورغی و بزمار و پێچ و مۆرەی خاوەنکار و کەری بەربار. کەر و بزماریش ناتوانێ خۆی بێتە بیر. چ جای خەیاڵ لە عیرفان و دەرد و سندان بکاتەوە؟!

زوڵم و زۆری خاوەنکاری سەرمایەداری بێ ئاکار - کە وەک هەودای دورەمەودا هەر بیکێشە و بنەی نایە و تا دێ هەر زۆرتری ماوە و لە پێشوو پتر بەکێشە - کردیە کارێ چەقۆ گەیشتە سەر پێشە و پێوانە پڕ بوو؛ لێی ڕژا. بزمار بەو باردا وەرگەڕا؛ کەر باری گرانی لار کرد؛ بوو بە هەرا.

پیاوانی ژیر و خاوەن بیر - کە لەو بارە نالەبارە بە کینە و دڵگیر و زویر بوون - لەولاو لاوە کەوتنە تەگبیر. کارێک بکەن کە حەشاماتی چەوساوە بە بەرنامە خەبات بکا و چیتر نچیری ڕاو نەبێ. مرۆی هەژار هیچ نەبێ نیواونیو پیاو بێ. چەند بەرنامەیەک ڕێکخرا. گەوگەلی پس - پس تێکخرا. هەروا بەرەو دوا چەند فێرگە و کۆمەڵە و یەکیەتی و جفات دامەزران؛ دنەی چینی هەژاریاندا بەگژ ماف خۆراندا بچن. ڕاپەڕین لە دووی ڕاپەڕین خۆی دەنواند و لەجەر لەمپەری دەپەڕاند و لە ڕووی زۆرداردا دەیگۆراند و وەک شێری شەڕانی لێ هات و دەستی کرد بە هێرش بردن.

لەم ناوە لە سای مەلاوە دینیش وەبەر هەڵمەت کەوت.

-بڵێ بۆ چی؟

-چونکە وەک گوتمان مەلا و کاڵ، کەشیش و حاخامی دەسیڕ، ناو بەتاڵی بە دیمەن پڕ، وەک دەڵێن: سەرسووری بن شڕ، لە درێژایی مێژووی دەوری هەژار کرۆشتن و خوێنی لاواز فرۆشتندا دەستیان هەبووە. بەرەی مەلا بۆ خۆی ببووە چینێک لە ڕەشایی ئاپۆرە جودا و دەستی دەگەڵ زۆرداران دژی هەژاران تێکەڵ کرد و بیلاتەژبی ببوونە تاژی ڕاوکەران، کەروێشکیان بۆ ئاغا دەگرت و هێلکە و ڕۆنی خۆیان دەخوارد.

ئیتر هەر کەس هەر کۆمەڵێک لە هەر جێیەک دژی زۆردار ڕاپەڕیوە و بۆ ئازادی خەبتیوە. کاهین، موبید، کەشە، مەلا، حاخام، مالم، شێخ، موشتەهید، کۆچەک، پیر، خواجە، مەولانا و لەم بابەتەی بە ناو دیندار و عالم و لە ناوەوە بێ بار و بەرباد و وێران، وەکوو کوێران شوێن چاوساغی زاڵم کەوتوون، دەسکێشەکە بەرەو کوێی بردوون لە دووی چوون. بە درۆ و بوختان و عەداڵەت خوا، چاویان لە زوڵم و زەڵاڵەت نوقاندووە. بە ناوی سەبر و قەناعەت، قەزا و قەدەر و چارەنووس، بە زمانی لووس، مێشک و بیریان تەزاندوون و بە مار و دووپشکی سەرپان، بە ئاگری بێ ئامانی جەحەندەمیان تۆقاندوون و باسکی بزاویان سڕ کردوون.

ئەگەر بەو گفتە شیرین و نەرم و ڕەقانەش ساز نەبوون و هەرا و جیق و فیق هەر ماوە، مۆری کافر و زەندیقیان بە ناو چاوانەوە ناون و بە ناوی خوا و ڕاسپاردەکەی قڕیان کردوون .بەڵێ چینی کەشە و مەشە و مەلا، بۆ چەور و شیرینی خۆیان - کە بە مانی زۆردارانەوە بەسراوە - لە زۆر لێکراو و بێچاران بوونە بەڵا. لە ئەورووپا ئەو چینەی هەر بە دەمی خۆی کوێخادینە، تا دوانەفەس و دوامین کەس یاریدەی زۆر کارانیان دا؛ تا بە یەکجاری لە ناو چوون و توون بە توون بوون.

پاش ئورووپاش نۆرەی ئەمریکای لاتین هات. سەرلەنوێ عەینی کارەسات بەرببینگی ئازادیخوای گرت. لە هەر کوێ شۆڕشێک دژی دژ بە گەلان و پیاوگوژانی لاسار و سالار هەڵگیرسا، کەشە بە ناوی بەرگری لە مەزەبی ڕەسمی دەوڵەت، ڕوو بە ئازادیخوا وێستان بوونە سەرەکەری بێستان!

هەر ئەم جۆرە هەڵوێستانەی کەواشۆڕان، بوو بە هۆی دین داچۆڕانی زۆربەی ڕۆشنبیرانی سەرزەوی و گوتیان: وشەی دین و عیرفان لە گیرفانی چینی بە ناو پیاوی دینی هاتۆتە دەر، تا بنیادەمی پێ کەر کەن؛ تۆڕی خۆیانی وەسەر کەن؛ بیری ژیری و ئازادژینی لە سەر دەرکەن. کەوابوو کێ گەرەکیەتی ئازاد بژی و بژیوی بە فێرۆ نەڕوا، ئەڰشێ سەری سەرمایەدار و زۆرداران - کە سەر بە مێزەرەکانن - پان کاتەوە و تریاکی گەلان - کە دینە - هەر بە سەر خۆیان داتەوە. مێشک وشک و سەربەتاڵن؛ خوێن تاڵن؛ ئێسکیان خواتەوە. دین وا بە چرووکی دەرکەوت.

عیرفانیش کە دەستەملانی بوو لە ناسازی خرپ خەوت. وا ئێستا وەکوو دەبینین عیرفان و دین زۆر لە کزین. لە سەر زەمین - مەگین لە هێندێ جێی چەپەک - دەرکراون. تەنیا لە لای هێندێکی کەم، بە دەم کوێخا دینی سەروپۆر، چەرم و گوشینی ڕوو هەڵماڵاو، بە ساویلکان دەورەدراو ماوە و ئەویش هەر بینا دیت تواوە و بە مەرەدی بەفری پارچوو.

## بەرامبەری

ئەوا وتمان دین باری کرد، چی هاتە جێ؟ بیری ئازادی پەرستی، بەرامبەری بەرزی و پەستی؛ ئەویش لە ژێر چەند ناو و ناتۆرەیەکدا:

مارکسیزم، سوسیالیزمی دوور لە مارکس، بزووتنەوەی کرێکاران، یەکیەتی هاوپیشەکان و شتی دیکەش.

سوسیالیزم کە لە چەرخی نۆزدەهەما لە ئوروو‌پا سەری هەڵدا، سەرنەکەوت. لەو چاخەدا کە شۆڕشی سوسیالیستان لە گوڕ و تاو نەدەوێستان، سەرمایەدار ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ کزتر دەبوون. کەچی ئێستا (لە ناوەندی سەدەی بیستا) کرێکارانی ئورووپا ئەو نەماون کە پێشوو بوون. بە تایبەت لە ئاڵماندا کە ڕاپەڕی کرێکاران لە گش شوێنان لە پێش تر و بەکێش تر بوو، ئێستا بەرەو پاشەوەی خوێنی یەکەمینە. تەنانەت پرۆتستانت و کاتۆلیکیش لەوان دەستی چەپی ترن. لە ماوەی سی ساڵ دوای شەڕ، مانگرتنی کرێکاران لە ئاڵماندا ڕووی نەداوە. هەر وەهاش لە ڕووس و چین و ماچین و شوێنی تر، ئەم بڕوا و بیرە بێ پیرە، لە پەل گیرە و تەواو کەوتۆتە تەنگانە و چاوەچاوی دەرەتانە. واتا ئەویش هیچی بۆ بە هیچ نەکردین.

## ئازادی

ئادیخوای چەرخی نۆزدە لایان وابوو هەر کە دین لە کەل ئاوا بوو، ڕژیمی سوسیالیستی هاتە سەرکار، پیاو لە بەنی تاک پەرستی و ماک پەرستی ڕزگار دەبێ. دژایەتی چینایەتی پرمەترسی، یەکی تێر هەزاری برسی، لە ناو دەچێ. هەرگا کەس مافی کەس نەخوا، شەڕ نامێنێ؛ گەڕ نامێنێ. مرۆ تێکڕا دەس دەدەنێ و پلەی زانیاری و تەیاری هەڵدەبڕن و چڵک و کرێژ لە دڵ و دەروون دەردەخەن و بەرەو ڕووناکی هەڵدەفڕن. بە داخەوە ئەو خەیاڵاتە خەونێک بوو تەواو بەراوەژوو دەرچوو! ڕژیمی هاوبەشی پێکهات؛ بەڵام تۆقی کۆیلایەتی ڕژیم و حیزب و ڕێبەری بۆ مرۆ بە خەڵات هێنا! پرۆدون - کە بەر لە مارکس پێشەنگی سوسیالیستان بوو - قاقەزێکی دۆستانەی بۆ مارکس نووسیوە؛ دەڵێ:

ئێمە ئەگەر بە تەما بین کارێکی باش ڕەچاو بکەین، دەبێ خۆمان لە بیر نەبێ. تەنیا بۆ خزمەتی خەڵک ببزوینەوە. دیسانەوە پێغەمبەربازی ساز نەکەین. ئامۆژگاریەکەی من و تۆ نەبێتە دینێکی تازە. قسەی خۆمان بە سەر خەڵکا نەسەپێنین. زۆر دەترسم ئەم بیرەی تۆ لە دواڕۆژدا ببێتە یاسای دەوڵەت و ئەوساکە دەوڵەت پەرستی جێگەی خوداپەرستیەکە بگرێتەوە. وا دیتیشمان کە هەرچۆنی ئەو لێی ترسابوو وا دەرچوو!

ڕاپەڕینی کرێکاران بۆ ئازادی سەری گرت و بوون بە دەوڵەت. بەڵام تا بە خۆیان زانی ئەوەندووسکە ئازادیەکەی لە ژێر دەستی سەرمایەداردا هەیانبوو، ئەویشیان چوو! پێشدان گوتیان ئێمە ئازادیمان دەوێ؛ کۆیلەییمان فڕێ داوە؛ سەرمان بۆ خوداش نانەوێ؛ چونکە تاکە و تاک پەرستی دەگەڵ هەستی ئازادیخوا ڕێک ناکەوێ. کەچی ئێستە بە سێ سەرە بوونە کۆیلە و بەنی دەربەست. بێ چرپە و هەست کۆیلەی دەوڵەت؛ کۆیلەی ئەو هەزارە زیلەی کار ڕاپەڕێنی دەوڵەتن؛ کۆیلەی ڕابەر.

ئەم زنجیرە سێ فڵیقانەی سەرتاپای گیانی پێچاون. هەزار گەوە و بە سەر یەکدا جۆش دراوە و هەیهاتە هەڵوەشاندنی. سەیرە خۆشەکە لێرەیە هەر ئەوانەی بە دەم دەڵێن: تاکە کەسێک - هەر کەسێک بێ - کار ناکاتە سەر ڕەوتی مێژووی عادەمی و تەنیا هەر کۆمەڵ حەساوە و کێ تاکپەرست بێ گڵاوە، بۆ خۆیان تاک پەرستێکن هەزار فاشیستیان بۆڕداوە!

تەنانەت مەزهەبەکەشیان بە ناو تاکەوە ناو ناوە: مارکسیزم، لینینیزم، تیتەویزم، کاستروێزم، تروتیزم، مائوئیزو و...

هێشتان هەودا هەر لە دوو دێ و بە یەکجاری هەڵنەکراوە، هەر بینا دیت کیل سونگیزم، ئەنوەر خۆجیزمیش پەیدا بوون! واتا ئێستا تاکی خاکی بوونە ڕووگە، بوونە خودا، چوونە جێی پێغەمبەران و تەنانەت لە پاش مردنیش جێی پەرستن!

وێستێ ئەگەر موسوڵمانێک حانێک زمانی بسووتێ و بڵێ حەمەدیزم و عەلیزم، شتێکی باشە ئەگەر وە بەر خرکە و سندە و گاشەی نەدەن. هیچ نەبێ گاڵتەی پێ دەکەن ئێژن گێژە. خودا و پێغەمبەر پەرستن تاک خوازیە؛ فەلسەفە لێی ناڕازیە. شیاوی ئیزم و میزم نییە کەسیش ناشێ پێیان بێژێ: مامی سمێڵ سوور! لە کێوی، لۆچ وە دوو ڕبان دەپێوی؟ لۆ تاک پەرستی خۆت باشە و تاک پەرستی من بەلاشە؟ کەچی ئەگەر شارەزا بن، بێ لایەن لێکی دەنەوە، دەردەکەوێ خودا و پێغەمبەر پەرستن دەگەڵ لینین پەرستنا زۆر جیاوازە. با جارێ واز لە چۆنیەتی ئەو جیاوازیەمان بهێنین دوایە بۆی با دەدەینەوە.

جەنگی دووهەمی جیهانی، هەر چەندە زۆر شەیتانیش بوو، بەڵام دیسان چەند کاری نرخداری کرد: باسی خواناسی و ئایینی ڕاستی پەرستی ژیاندەوە؛ ڕادەی زانستی مرۆڤی لە فڕوفیشاڵی داماڵی؛ دەری خست کە مارکسیزمیش گرێ کوێرەی ئابووری و مرۆڤایەتی - وەک پێویستە - ناکاتەوە.

ئەنجا ئەگەر ڕەوشتی خوداناسانە و سوسیالیزمی مارکسانە نەیانتوانی ئازادی بۆ بەرەی مرۆ دابین بکەن، ڕۆشنبیران لەو بارەوە کەوتنە بیر و لێکدانەوە: بە کام ڕێدا ئازاد بین و بۆمان بکرێ ئازاد بژین؟ پێویستە دارێک شین بکرێ، دووبەر بگرێ: هەم ڕزگار بوون لە پێوەندی کۆیلایەتی، هەم ژیانی وەشاوەی مرۆڤایەتی. نەمامیان ناشت، ناویشیان لێ نا: هەر خۆیی. عارب گوتەنی: وجوودی. وجوودیەکان بە پیاوی دیندار دەبێژن: تۆ تا کەنگێ چاو لە حەوای؟ چاوت کسکەی دێ و لە خەوای؟ بڕوانە خۆت! بڕوانە کۆت و پێوەندی پاوپلت! بڕوانە نیری سەر ملت! بڕوانە دەسبەندی دەستت! بڕوانە چاوبەستی هەستت! لە مێژە هەی! لەوەتا هەی بۆ تاوێکیش خۆت نەدیوە. هەر بۆ دوور لە خۆت ڕوانیوە. چاوت لە نەدیار بڕیوە. تۆ ئافەریدەی زەمینی! بە تەمای عاسمانی شینی! دەتەوێ خوا

و خێو و دێو و جنۆکە و شەیتان ببینی، کە هەر نین و هەر نەبوون و گیانت دەرچێ نایان بینی! بەرەو خۆبێنی بادەوە!

ئەمجار ئەوانەی کە لە دین تەکیونەوە و تەکیان داوە بە دنیاوە، دێننە بەر تەوس و پلار و پێیان دەڵێن: تۆ کە لە نەدیو خۆبوێر بووی، بەرەو زەمین سەرەوژێر بووی، هەڵدێراوی! تەم و دوومان لە بەر چاوی! بۆ خۆت ناناسیت چ کارەی؟ لە کۆیلەیی خوا بوویتەوە؛ شەرم ناکەی کۆیلەی پارەی؟ بە لرفە و هەڵپە خەریکی تژە کردنی بەریکی و هەر ئاگات لە خۆت بڕاوە. دۆڵی ئاوەزت دراوە و بە حەو جێ، ملت شکاوە. بۆت ناکرێ دەخۆت ڕامێنی. پێت ناکرێ هەر خۆش بوخورێنی. ئای کە بێکارە و بێچارەی! گەر خواپەرستیت هیچ نەبووە، دراوپەرستیشت هیچە. دەس بەردە لەم قیچەڵ ڤیچە و وەرە بیرێک لە خۆت کەوە! تۆ مرۆی! تۆ تۆی! بوونت بە خۆتەوە بەندە. خۆت نازانی نرخی ئەم بوونەی تۆ چەندە! هۆشت ئەمەندە بڵاوە، سایە و سەرمایەت دۆڕاوە؛ پیاوەتی خۆت لە دەس داوە. لە مەیموونی کۆنە خزمت نزمتری. هەڵگەڕێوە ڕێکی عەرزی. خۆت بدۆزە تا بزانی تۆ چەند بەرزی! پلەی مرۆ لە هەوران و باڵاتریش تێ دەپەڕێ و باڵاترە.

ئەم خۆدین و خۆناسینە - کە ناوی نوێی هەرخۆیی یان وجوودیە - ڕاستت بوێ تازە نییە و بگرە زۆر لە مێژینەشە. لە عیرفانی کەوناراشدا شەنگەدارێکی هەراش بوو؛ پڕ لک و پۆپ و گەڵاش بوو. هێندە هەیە ئەم کۆنە شمەک تازەیە، دەگەڵ عیرفان تا ئەندازەیەک جیاوازە.

عیرفان دەڵێ سەرەتای هەموو شت خوایە؛ هەرچی لەم دنیایەدایە، سەربەخوایە .کەوابوو مرۆ وەکوو سێبەرێکە دەگەڵ سایەدەر دەبزوێ .کەوابوو هەرگا پیاو سابوو، سایە دەرەکەش خودا بوو، واتا لە خوا جودا نییە؛ خواش گەوریە. جا کەوابوو پایەی مرۆش - کە سایەیە - دەبێ هێند بەرز و گەورە بێ، شان و پیل لە هەوران بسوێ و لە پای تەختی خوادا بلوێ و بڕوێ و بنوێ.

عینسان لای عیرفانی ڕاستی زۆر بەڕێز و نرخدارە؛ لای وایە پیاو ئاوێنەیە لە خۆی بڕوانێ خوا دیارە.

گوتمان عیرفانی بە ڕاستی نەک ئەم عیرفانە پووچەڵەی خوار و پڕ لە هەڵە و پەڵەی خۆی خزاندۆتە ناو چینی - بە ناو دینی - تەڵەکەبازانی ئەمڕۆ؛ کە لە ئازادی و خۆناسین خۆیان کردۆتە ملۆزم. عیرفان و دینێ من دەڵێم ئەوە نییە کە دەگوێی خاچپەرستان و موسوڵمانانی ساویلکە ئاخندراوە کە پیاو لە بارەگای خوادا، سەری سیر و قونچکی پیوازیش ناهێنێ. هەر کە گۆڕا گوناحبارە. دایکەوا سێوی دزیوە، دەبێ تۆ تاوانی بدەی! دەبێ تا دەمری هەر بگری و خۆت سووک و چروک بزانی و نەخەڵەتێی بڵێی هیچم. بڵێ هیچ نیم!

کارمان گەیشتۆتە بارێک لە بەر خودا و ئیمامان دەپاڕێینەوە قەرزەکانمان بۆ بداتەوە؛ ڕێبەندانی خەیابانمان بۆ بکاتەوە؛ منداڵمان خەو بیباتەوە. ئەمە مرۆ لە پیاوەتی دەتەکێنێ؛ هێندەی بە گوێدا دەخوێنێ تا ڕایدێنێ کە هەر وەکوو نەبێ وایە و بۆ خۆی هیچی لە دەس نایە!

ئاخر کەی عیرفانی ڕاستی ئاوێتەی ئیسلامی بە ڕاست ئەمە دەڵێ؟ ئایینی ئیسلام پێت دەڵێ تۆ لە بەرانبەر خودادا هەژاری و ئەو دەوڵەمەندە. هیچت نەبووە؛ ئەو هەموو شتی داوە پێت: گوێت بۆ بیستن، دڵ بۆ نیاز و دڵخواز ویستن، مژی تژی بۆ بیر کردن، دوو دەست دوو لاق بۆ بزووتن، چاو بۆ دین و هەڵنەنگووتن، بۆ ڕێگەی ڕاست بەدی کردن، زۆر شتی پێداویستی دیش. واتا تۆ هەژاری ئەوی، پەنابەری، پەنای داوی. ئامرازی خۆشی ژیان و بەختەوەری خڕوپڕ دەبەردەست ناوی. ئەگەر پیاوی دە بیسمیلا! ئەوە گۆ و شەق ئەوە مەیدان! نان پەیدا کە! چاکە بکە! پیاوی چاک بە! دەگەڵ خەڵک و خودا پاک بە! کێ دەستی وە بەر هێناوی؟ ئەگەر تەنبەڵ و خۆبوێر و خوێری و دڵ کوێر و بێ خێری و لات وایە چیت لە دەس نایە، ئۆباڵت بە ئەستۆی خۆتە؛ هەر خۆت لە خۆت بوویە مۆتە؛ خۆت هەستت لە

خۆت بڕیوە؛ مەنوزێوە! گلەیی لە گەردوون مەکە! لە بەر خودا مەکرووزێوە! خۆت کراسی چارەنووست لە تەنبەڵخانە کڕیوە. نەت کڕیایە.

ئەو خودایە کە فەرموویە: هیچت نەبوو، هەر بۆیە بوو نەوەکا لە خۆت بایی بی؛ چەنەوەری خۆڕایی بی. کە فەرمووشیە: هەموو شتێکم پێداوی، یان گوتوویە: «مرۆمان لە هەموو شتێک بەدەوتر دروس کردووە»، مانای وایە زۆر دەستی قەدری لێ ناوی.

دینی ڕاست پێت دەڵێ تۆ، تۆی! ڕاستەڕێ یان لاڕێ دەڕۆی، تۆ سەربەخۆی. جگە لە خوا باڵادەستی تۆ کەس نییە. بو ئامانچی بەرز بوونت ڕێگەی کادزیش بەس نییە. ئەوی بە ناوی دینەوە پێت دەڵێ پیاو لە بڵقی ئاو، لە پەلەپووشێک کەمترە، ئەو بۆ خۆی لە کەر کەرترە! ئەوی دەڵێ: بە گریان و دڵ لە خۆچوون و جەزم بوون، دەستە و دامێنی ئیمام بوون نەبێ. کامت ڕەوا نابێ، یان دینە یان درۆ دەکا؛ بە فێل تۆ دەسخەڕۆ دەکا. دژی تۆشە و دژی خواشە. هەروا باشە گوێ نەگری لەو دەم هەراشەی ڕەزاقورسە. با لە پرسەی خۆی دانیشێ؛ هەر خۆی بێ و تەزبیح و ڕیشێ و بیڕێتەوە.

جا تا ئێرە بۆت ڕوون بۆوە هەرچی مرۆن بە سەر سێ ڕێگەدا دەڕۆن:

یەکەم وا وتمان عیرفانە و بە شوێن ڕاستیدا گەڕانە. ڕووناک بوونەوەی دەروونە؛ لە خۆ، لە خوا، لە خۆکردەوە ڕامانە.

دووهەم دۆزی بەرانبەری تاینچە و ڕەشکە و یەکسەری کە ناوە ڕۆژاواییەکەی سوسیالیزمە. چەند لاییش بێ بە تێکڕایی ئامپایی نێوان ڕەشایی و جووت بەندەی خاوەن دارایی و کرێکار و زۆر زێڕداری گەرەکە و کاری بە دیوی ئاوەژووی نەدیوی بەرپیوار نییە.

سێهەم بڕوا بە هەرخۆیی (وجوودی) ە. بڕوای بە دووی پێشوو نییە. هەر بۆ ئازادی توونیە. دەڵێ مرۆ ئیللا دەبێ سەربەخۆ بێ؛ واز لە بووک و پەردوو بێنێ. چونکە هەر دوو، بەر لە خۆناسینت ئەگرن. پیاو گەرەکە هەرچی دەوێ، پەنا بە خۆی، وەدووی کەوێ. ئازادی و خۆناسینی ڕاست، ڕاست دەتباتە سەر ترۆپکی هەڵەمووتی هەموو ئاوات و ئارەزووت.

دەوڵەتی هاوبەشایەتی ڕێ نادا من دەربارەی خۆم بڕیار بدەم کە چی ناکەم و چی دەکەم؛ خۆی بیرم بۆ دەکاتەوە. بەرهەم و مایەی بژیو و چارەنووسم بە دەس ئەوە؛ ئەوی بە هیچ حەساو نەکرێ منم. ئەم ڕێ و شوێنەش تۆقێکە بۆ گەردنم.

دینیش دژی ئازادیمە؛ هەرچی خوا نەمداتێ، نیمە. نرخی خۆناسینم تووڕ ئەدا و دەمکاتە پارسەک و گەدا لەڕای خودا. خواش نە مرۆیە، نامۆیە. ناشێ پیاو نامۆ بناسێ. دوای وەی لە هەر سێکان دواین، با بزانین هەر یەک لەمانە لە کوێدا باریکە و لە پسان نزیکە؟

**١ -دین** :ئەوەی کە ئێستا هەمانە و پێی دەڵێن دین، ئەگەر ورد لێی وردەوە بین، گوریسە لە ناو هەمانە و لە هەمان چەوت و لارترە. دەردی هەرخۆیی (وجوودی) گوتەنی: مرۆ لە پیاوەتی دەخا و دەیکاتە گەدای سەر ڕێگا. کۆیلەیە لە سەرزەمینێ بۆ ئەو شتەی کە نایبینێ. وەک قانگەلاشکی بەربایە؛ پووشێکە چی لە دەس نایە؛ هەر ئاگاشی لە خۆ نییە! خۆی نییە و بە تەمای خوایە. بە دەردی حافز گوتەنی:

دین ئەگەر هەر ئەوە بێ حافیزی خۆمان هەیەتی

داخەکەم ژین گوزەراوە بە خوت و خۆڕایی!

**٢-هاوبەشی (سوسیالیزم** (کە بە ماددەوە بەسراوە و خوا و ئازادی وەلا ناوە. ئەگەر باش سەرنجی بدەن، پیاو کراوە بە پەرستندەی ڕژیم و دەستندەخۆری دەستەیەک کە بە سەر ڕژیم ڕادەگرن. دەوڵەتیش - بە خڕی و پڕی - لە ناو لەپی زەق و ڕەپی سەرۆک دایە. ئەگەر سەرۆک کرێکارێکی ملهوڕی سادەی ستالین ئاساش بێ، دەبێ هەموو بڕوای خۆمان دەربارەی ژیان، تەنانەت زمانەکەشمان لەو وەرگرین. هەرچی گوتی - بیلاتەژبی - قورعانە و نابێ لێی لادەین!

**٣ -هەرخۆیی (وجوودی** (لاوازیەکەی لەمەدایە کە هەر چەندە نرخی مرۆی زۆر لە لایە و گەرەکیەتی ئازاد بژی، بەڵام کاتێ خوا و پەیوەندی هاوبەشیەتی خەت دەکێشێ، پیاو لە ناو بۆشایی دەخا و دەیکاتە هینی پەت پساو!

ئەگەر من بە هەموو مانا ئازاد و بەر بەرهەڵدا بم، بە بێز لە دین و یاسا بم، ئەم پرسیارە دێتە سەر زار: «بۆ هەر دەبێ لە سەر چاکە کردن سوور بم؟ لۆچی لە بەدفەڕی دوور بم؟.«

هەرخۆیی هیچ وەرامێکی بۆ ئەو پرسیارەی من نییە. وا من ئێستا لە سەر چەقی دووڕێیانم کە دەتوانم خۆم بە قوربانی گەل بکەم، یان گەل بە قوربانی خۆم کەم. بە هەر کامیاندا ڕێبوار بم، لۆمەی ناوێ. وەکوو مام ڕێویەکەی چۆمە، کەیفی دنیایە لۆ خۆمە. کەس ناتوانێ ئازادیم لێ بەربەست بکا. دینم نییە کە لە تینی گڕی جەحەندەم بترسم. یاسای هاوبەشیشم نەویست کە پێودانی ژینی خۆمی لێ بپرسم. هەر خۆم یاسام؛ هەر خۆم خودام؛ ئازاد و شاد و بەرهەڵدام.

جا کە پیاو وا پەت پساو بوو، لەوانەیە ڕێگەی چاکە بگرێتە بەر؛ بیباتە سەر. بۆ فێر بوونی زۆر بە کەڵک کۆشش بکات و ناو بکا. لەوانەشە بە کراسی ڕەنگاوڕەنگەوە، بە دەرەلنگی تەنگەوە، کیپی لە سەر، بازنە لە دەست، بەرموور لە مل، بە ناز و نیمناز شل و ول، خۆمان لێ بکا بە هیپی - کە کورد پێی دەڵێن قالۆنجە - هەر چی پیسی و بەدکاریە ڕەچاو بکا.

ئەگەر ئازادی ماناکەی پەت پڕی بێ، پیاو بۆی هەیە لە تەندووری هاوساش بڕی. ئەگەر واش بووی، نە پیاوی نە کوڕی! زڕی!

با بادەینەوە سەر عیرفان (عیرفانی ڕاست) کە من زۆرم پێ پەسندە و لاشم وایە دین و بەرامبەری ژین و خۆناسینیشی تێدایە. بە بیری من هەر کەس بۆ بنچینەی ژین و بوون و نەمان ڕانەمێنێ و دڵی لە دووی نەکورکێنێ، عینسان نییە. زمانی خۆش، بگرە هۆشیش، نابنە درۆشمی پیاوەتی. وێستێ بەڵگە هاتوونە دەست کە ئەو قسانەی دەیانگوت: جانەوەران بە هەستێکی خودادادی (غەریزە) نەک بە فێر بوون دەبزوونەوە و هەر مرۆ ئاوەزی هەیە، قسەی قۆڕن. جانەوەر هەن ئەمەندە زیت و سەهەندەن کە فیلتاحون و عارەسووش دەسک و گوڵیان لە دوو ناکەن. بۆ گەیشتن بە چێشتە یان بۆ خۆپارازتن لە ڕاوکەر سەد فێڵ دەکەن؛ بە چەندین ڕەنگ خۆ دەگۆڕن کە ناشێ بێژین فێر نەبوون. ئەگەر درۆشمی پیاوەتی وزەی وشە دەربڕینە، ئەوا تووتیش زمان زانە و ناشکرێ بێژین عینسانە .سەعدی دەڵێ:

بێ و پیاوەتی ڕەچاو کە! مەلیش قسان دەزانن

بایی مەبە بەوەندەی تۆزێک زمان دەزانی

بە بڕوای من ئەوی عینسان لە ناو خەویان هاوێر دەکا، هەر ئەو دڵخورتی و ئەوینەس کە بۆ دینەوەی نهێنی دوورەدیدە تووشی دڵ دێ. بیری مرۆ لە ژینی خۆکردی بۆژۆ کارێک دەکا پەل باوێژێ بۆ ئەو شتەی کە بە خەیاڵ پێی لەوەکەی خۆی باشترە. هەر ئەم پەل هاوێژیەی دڵە بۆتە هۆی ڕۆشن بوونەوەی دەروون و هەڵچوونی عینسان.

دڵخورتی عیرفان ئەوینە. ئەوین هێزێکی بەتینە. لە خۆراکی گەرم و نەرم و قەڵەوایی ناچێتە لەش. سەرچاوەکەشی نازانم لە کوێوەیە؛ بەڵام ئەوەندە دەزانم گڵپەیە، بەرز ئەبێتەوە؛ ئاورینگی لێ

دەبێتەوە، سەرتاپام دەتەنێتەوە؛ خەریکە بمتوێنێتەوە. دڵخۆشی من بەو ئەوینە پتر لە هەموو گەنجینەی سەرزەمینە. کەسێ ئەوینی نەدیوە، نەیچەشیوە، لەوانەیە پێی بڵێن زانا و دانایە، ئەندازیارە، یان بژیشکە. بەڵام ئەو مێشک و دڵ وشکە بۆ ئامرازی کارگاکانی پیشەسازی نەبێ، نابێ.

ئەوین ئەو ورە و نەترەیە کە لە درێژایی مێژوودا لە دەورانی تازە و زوودا زۆر پیاوی ڕەنێو هێناوە و دنەداوە کە دەستیان لە خۆ بەرداوە و سەریان دەپێناو گەل ناوە؛ شۆڕشی وایان گێڕاوە، باری دنیای پێ گۆڕاوە.

پیاو کاتێ پیاوە، دڵدار بێ. دەنا هەر مەیموونەکەیە کلک و کوڵکەی لە دەست داوە.

ڕۆژێ لە حوسێنیەی ئیرشاد پرسیارێکم خستە گۆڕێ، هێندێک پەرسڤیان دامەوە. گوتم: هەڵەن! بەڵام بۆشم هەڵنەهێنان. نیازم وابوو گێرە و نێرە بنێمەوە. یەکێ لە خاوەن باوەڕان خۆی تووڕە کرد. یەکێکی دی گوتی: دەبەسیە بینمان تەنگ مەکە! زووبە بۆمان شی کەوە تا ئاسوودە بین. گوتم: گیانە! من نەهاتووم ببمە مایەی ئاسوودەیی. من گەرەکمە ئاسوودەکان وەڕەز بکەم. من تریاک و هیرۆئین نیم هەوێنی ئۆقرە گرتن بم. لەوانەش نیم کە جوابیان دەباخەڵیاندا.

ئەگەر کەسێ نیازی خزمەت بە کۆمەڵ بێ، دەبێ ڕەحەت، بێ سەحەت کا. ئارام بۆ ئارام نەهێڵێ. جووتیاری باش کۆدە و بە یاران دەکێڵێ. دەبێ خەڵکی فێری شەڕەچەنە و دم بەدمانێ و پرسیار و پەرسڤدان بکەین تا تێک بگەین؛ دەخۆ بگەین. قەستەم بە خوا دوودڵی هاویتنە دڵان، لە بڕوا بە زۆر پێ هێنان هێژاترە.

ئەو بڕوایەی چەلومل دەسەپێندرێ، تەزێنەرە و پڕخەتەرە. حەوسەد ملیۆن موسوڵمانی خاوەن باوەڕیمان هەیە کە پووڵە سووتاوێک ناژین. هەر ئەو ئیمانە بە کار دێ کە پاش شک و گومان پەیدا

دەبێ؛ ئیمان هێنان دوای کافر بوون. بەڵێ ئیمانی دوای کفرە نرخی هەیە. ئەگینا بە درێژی مێژوو باوەڕی تەواو هەر بووە و قەتیش هیچی نەهێناوە.

ئەو ئایەتەی کە فەرموویە: «مەردم هەموو یەک ئۆمەت بوو» شاڵاوە بۆ سەر باوەڕکەر. پێغەمبەران ڕاسپێراون کێشەکێش و چەقە و هەرای تۆژینەوە بنێنەوە؛ ئەینا تاوێستاش بنیادەم بە ئارامی لە کەریەتی و بێ خەبەریدا دەگەوزین.

با دیسان تێ هەڵچینەوە و لە سێ ڕیوا سەرەکیەکان ورد بینەوە. داخۆ کامی لەوەکەی تر بەتامترە؟ کام گەیشتوو کامە خامترە؟ لە کامە لاوە ئەستوورن؟ بەکێهەباردا زراون؟ ئەگەر گشتیان لێک بهاڵێن، چی لێ دەردێ؟ ئەگەر بە تاک بمێننەوە، چیان بە سەر دێ؟

١ -**عیرفان** کە بنچینەی دینە؛ هەوێنی گەشەی دەروونە؛ پەیژەی بەرەو کامڵ بوونە. دامانە لە ناو خۆکردا؛ ڕامانە لە خێوی خۆکرد. نیشانەی بەرزەتی گیانە. بەڵام هەر عیرفان بە تەنیا و هیچی تر نا، کەڵکی خەڵکی پێوە نییە. وەکوو چقڵی دڕکەزیە؛ بێ میوە و بەر، ڕەزی خێوی دەپارێزێ و ناشێ کەس توخنی بکەوێ. بۆ نموونە کابرایەک هەیە دەروێشە، چلەکێشە. بۆ ئەندێشە لە مەرگ و دواڕۆژ و سزا، دەم بە نزا خزاوەتە غارێکەوە. چاوی دڵی دە عاسمانە و بێ ئاگایە لەم جیهانە. لەو دەمەشدا لە پشت دیواری ئەو غارە، کوشتارە، هات و هاوارە؛ نووزە وناڵەی بریندارە؛ گوڕە و هەڕەشەی زۆردارە. هەزاران بێگوناح دەگرن؛ هەژاران لە برسان دەمرن؛ ئابڕووی ئابڕوداران دەبرێ؛ هەرچی ناشێ بکرێ، دەکرێ. کەچی کابرای کروشمەکەر، گوێی نابزوێ؛ نایەتە دەر. دەرگا لە سەر خۆی دادەخا؛ دوو گردە بۆری ڕادەخا. گزنەی بەهەشتی گرتووە، خەریکە بارگە تێک دەنێ. بە خەڵکی دەوری ئەشکەوتیش - کە لە سەر دنیا شەڕیانە - پێدەکەنێ.

بە بڕوای من - ڕەنگە هی تۆش - ئەو کابرایە نەک هەستی پیاوەتی نییە، بگرە لە هەموو دەعبایەک زەرندەتر و پەست ترە. مەیموون، ورچ، سەگ، بەراز، زۆر تیرەی جانەوەری دیش بەزەیان بە داماوانی هاوڕەگەزی خۆیاندا دێ. کەچی ئەو حۆری پەرستە - کە هەر خۆشی خۆی مەبەستە - هەست ناکا کە لە دڕندان دڵڕەقترە. وا گریمان بۆ بەهەشت چوو. دەیسا چ بوو؟ کەرەکەی نەبی عوزێریش لە بەهەشتە! هەوەڵ پیاو بوون، ئەوسا بەهەشت. گەر بەهەشەت بۆ ناپیاوانە، چوونی بۆ پیاوان تاوانە.

ئێستا من خۆم زۆر یاقیدەم بە شەمسی تەورێزی هەیە؛ مەولانام لەلا گەورەیە. شەمس ڕۆژی بە تیرێژی دوورە تەمە. پەسنی مەولەوی چەند بێژی، هێشتا کەمە. بەڵام ئافەرین لە چی کەم؟ مەولانایەک لە بەلخ یان لە قوونییە یان لە وڵاتێکی تر ژیاوە، خۆی وا لە ناو لێفەی ئەستووری عیرفانەوە پێچاوە، بە کوشت و کوشتاری مغول، بە شاڵاوی خاچپەرستان، نەحەساوە. دەیسا من ناڵێم تۆ بڵێ! بوون و نەبوونی ئەو پیاوە بە بێچارە و هەژاران چی؟ بە بریندار و دەردەداری ئیمانداری موسوڵمان چی؟

دەڵێی» :گوتیە «ی فەڕانسەویش چۆتە سەر بڕوای مەولەوی کە لە جەنگەی جەنگدا دەڵێ: «باشتر وایە وەر بکەوم نەک دانیشم. نیازم وایە ئەگەر وێستابم ڕۆنیشم. چاک ئەوەیە نەچمە کۆڵان، دەرکە داخەم. نوێنم ڕاخەم، تا لەو شەڕی کە دەڵێن دنیا دادەگرێ، بێ ئاگا بم. جا مەگین گوللەیەکی وێڵ شووشەی پەنجەرەم بشکێنێ دەنا ناشێ لە خەو ڕابم.«!

ئاخر ئەمانە کەی پیاون؟ کەی دەبنە پیاو؟ چۆن چاویان لە بەر خوا هەڵدێ کە لە دیمەنی بریندار دڵیان تێکەڵ بێ و هێڵنج دەن؟ ئەگەر عیرفان هەر ئەوە بێ، با نێوانمان سەد گەوە بێ.

جا هەر کەسێ ئەم تەرزە عیرفانەی دیوە، ناچار هەموو عیرفانێکی بە مێشک و دڵ تەزێنەر و پیاوکەرکەر و ئیشکەڵی بێ بەر زانیوە.

سا با ئێمە هەر دوو دیوی ئەم دراوە تماشا کەین. لەو بارەوە کە لە شوێن ڕاستی گەڕانە و ئەوینی خودا ناسینە، شێریشە و شێرپەروەریشە. عیرفانی ڕاست زۆر پیاوی وای پێ گەیاندوون بێ وێنە بوون. بەهەشتیان بە شیر کڕیوە و دەستی زۆریان لە سەر هەژاران بڕیوە. لە ڕێگەی خزمەت بە گەلا لەخۆبوردوون. مێر ژیاون و مێرانە مردوون.

بە باری ئاوەژووشیدا لە هێندێکان ورد بینەوە. خەتێکی هێندە ناخۆشە ئێژی شەرەپشیلەیە. لە چێژەی شیرنایی گەڕێ، سەد خۆزگەت بە بەرسیلەیە. ئیتر هەرچی سمێڵ سوورە نابێ پێی بڵێن هەمزاغا! ئەم هێندێکانەی من دەڵێم دەگەڵ ئەوانەی شێر هاتن ناکرێ بڵێم خواشیان یەکە! بە هەزار بوز و چرێشیش ئەو دووە پێکەوە نانووسێن؛ لە ناو ئاوێکدا ناخووسێن. بە گشتەکی مێو لە سەر و تەبەنەی ئاسن کونکەریش لێک نادرێن و بە دێویش جووت باقیە ناکرێن.

ئەگەر عیرفانە ڕاستەکە شێرپەروەر بووە، ئەم عیرفانە یەک لایەنە، فسۆسگرە. خۆری و تۆری وای سازداون کە بۆ زۆردار و پیاوگوژ و کۆڵەدار و کۆنەپەرست و بێ هەستان، هێژاتر لە سۆمای چاون. فەرمانڕەوایانی ملهوڕ لە درێژایی مێژوودا، قەرزاری ئەو پیاوە زلە خوێڕیانەن کە بەرانبەر بە ناڕەوا چاوی دەروونیان قووچاوە. لە خرمەی دەنگی شکانی دڵی هەژار و داماوان، هەرگیز گوێشیان نەزرینگاوە. بەڵێ وایە عیرفانی ڕووت بە کار نایە و هەر وەک دۆخەوایەک دەچێ نە دۆ نە گیای تیایە.

**٢ -ئامپایەتی (سوسیالیزم(**، ئەویش هەر هەتا یەکلایە، کای بەربایە. بۆ نموونە: لاوە خۆی لەلا زۆر پیاوە؛ لە سەر هەژاران بە جواوە. ئامادەیە لە سەر زەیفێک کە خاوەن کار لە کرێکارەکەی خۆی ئەکا، هەرا بکا؛ تەنانەت خۆش بە کوشت بدا. دیارە کارەکەی زۆر چاکە و هیچ گومان لە پاکی نییە. بەلامەوە زۆر حەیفە کوڕی هێندە باش، هێندە زرینگ، تەنیا باسی مادده و دراو، مێشک و دڵی وا بتەنێ کە لای وابێ جگە لە جلک و خۆراکی کرێکاران نابێ لە هیچ بیر کاتەوە. مێژووی کۆن، کتێبی

دینی - کە پڕیانە لە ئامۆژگاری و زانیاری پڕ لە کەڵک و بەر بۆ خەڵک - بە کەللەی کۆن و ڕێ و شوێنی کۆنەپەرستی بزانێ و لە خوێندنەوەیان واز بێنێ. کەچی هەر ئەو لاوە پیاوە کە دەبینێ فڵان ڕامیاری هاوبیری فڵان قسەی لە ڕۆژنامەدا نووسراوە، بێ هیچ سێ و دوو لێ کردن، بە بێ ئەوە بزانێ باشە یان بۆشە، وەری دەگرێ و وەکوو نوشتەی دەستی شێخان لای پیرۆزە؛ جا با قسەکەش بێ تام بێ؛ جا با قسەی ئەویش نەبێ و هەڵبەستە بێ. هەر ئەو لاوە لە حیزبەکەی خۆی بەولاوە چیتری لە بەرچاو نییە. ئەگەر یەکێ لە حیزبەکەی ئەو لاوەکی سەد قاتی خۆی و حیزبەکەی چاکە بکا لە سەر هەژاران بە جواب بێ و لە مەیدانی شەڕ بەرانبەر بە زۆردار و داگیرکەران هەزار جار لەو ئازاتر بێ، بۆ یارمەتی دانی کاری حیزبەکەی ئەویش حازر بێ، نایەوێ و لە سەری ناکا. هەر حیزب نەبێ، دوژمنە.

-بۆچی؟

-چونکە هاتووە داری پڕلکی ژیانی هەڵپاچیوە. تەنیا لکێکی هێشتووە کە ماددەپەرستیەکەیە. ئەو لکەیشی هێند ئاوداوە تا لە کۆتەرە عەسڵیەکە زلتر بووە. هێند هەڵچووە و هێندەی چرۆ دەرکردووە کە بەرچاوی داپۆشیوە و جگە لە ماددەپەرستن تەنانەت خۆشی نەدیوە. ڕاست بە دەردی عیرفانەکەی خۆمان چووە. جیاوازیان هەر لەوەندەدا: عیرفان بۆ گەشەی دەروونە و ئەم بۆ لەوەڕی بژوونە. لەوەڕە و گەشەی دەروونیش مینا شەنگڵە بەرەکەتەن؛ ئەگەر نێوانیان بپسێنی هەر دووک بێ بەرەکەت دەبن.

وشکەسۆفی کە هەر داوێنی دین دەگرێ و هەتا دەمرێ ئاگای لە دنیا و ژین نییە و خۆی لە بیر خۆشی چۆتەوە، زۆر چرووکە و هەر وەکوو نەبووبێ وایە. کاکە سوسیالیستەکەشمان لە سنووری دیکتاتوری هاوبیرە زەرد و سوورەکەی دەرناکەوێ و هەتا ملان نوقمی حیسابی ئابووری و

لێکدانەوەی نرخی هێز و بایی سەرمایە و دراوە. بە بێ ئەوە های لە خۆی بێ، چۆتە ناو گەرووی پووڵەوە و قووت دراوە و لە باسی لەوەڕان پێوە هیچ کەڵکی پێوە نەماوە و لە باری لەبیر چوونەوەی عینسانەتی، دەگەڵ سۆفی دەستەملانە.

٣-کابرای هەرخۆیی دەبینێ عیرفانی ڕووت بە حاستەم سەری لووتی خۆی نەبێ چی نەدیوە و مرۆی بێ نرخ زانیوە، ماشێن و سەرمایەداری و لاساری حوکمی کرێکار، تەنگەیان بە ژینی ئازاد هەڵچنیوە، وازی لە هەرکان هانیوە. دەڵێ بنیادەم لەوە زیاترە خۆی بە پڕ و پووچی غەیبی و دەوڵەت و سەرۆک پەرستی عەیبدار کا؟ ئازاد هاتوویتە دنیاوە ئازاد بژی! لەبری ڕوانین بۆ نەدیار و لە جیات کۆیلەیی ماڵدار و پرۆلیتار، ئاغای خۆت بە!

بەڵێ ئەم بیری خۆناسی و ئازادژینە زۆر بەنرخە؛ بەڵام ئەویش بە تەنیایی دەردی ژیان دەرمان ناکا. وا گریمان خۆم لە دین و یاسای سەرزەمین ڕزگار کرد، ئەوسا چ بکەم؟ گرتووم لە زیندان دێمە دەر؛ بە چی بژیم؟ چۆن بژیوی خۆم پەیدا کەم؟ بچمە لای کێ؟ لای دینداران؟ دەبێ لە نەدیاران بدوێم. واتا: دەبمە کۆیلەی خودا. ببمە ئامپای کرێکاران؟ ئازادیم کوا؟ گەرەکە کۆیلەی ڕابەر بم. دەچمە لای سەرمایەداران. دەبم بە کەری بێگاران و کۆیلەی ماشین. دەی چار چییە؟ مامۆستاکانی هەرخۆیی پەرسڤێکیان بۆ ئەو پرسیارانە نییە. تەنیا دەڵێن: ئازاد بژی و ئاوێ بێنە دەستان بشۆ. ئیتر ناڵێن ئازاد ژیان بێ بەرنامە، سەرگەردانی سەرەنجامە. وا دەبینین زۆر لەوانە بەتاڵ - حەتاڵ، لە نیپاڵ و دۆڵی خەیبەر، لە پنجە بەنگان دەگەڕێن. لە جیاتی خۆناسینەکە، خۆیان لە بیر بردۆتەوە و هەر دەڵێی لە سەر دنیا نین!

ئەگەر سەرەنجامی کارمان هەر خۆ لەبیر چوونەوە بێ، چ ئەمە بێ و چ ئەوە بێ، فەرقی چییە؟

ئەنجا ڕەنگە لە من پرسی چارە چییە؟

بە بڕوای من دەبێ ئێمە لە عیرفانی دوور لە کزی و لە سوسیالیستی بێ گەزی و ئازادیخوازی زانایان بەهرە بەرین؛ هەر سێکیان تێکەڵاو بکەین. چوارچێوەی بەرنامەی ژینمان لەو تێکەڵاوە لێک بدەین. چونکە هەرسێک زۆر پێویستن؛ بەو مەرجە دەگەڵ یەکتر بن.

ئەوینی بۆ ڕاستی گەڕان - کە عیرفانە ڕاستەکەیە - بزوێنەری مێشک و دڵە؛ کە بیر لە خۆ، لە خوا و خۆکرد بکەیتەوە. مافی خۆت لە بەرانبەری و ئازادیدا - کە لە لای خوداش پەسندە و پێت ڕەوایە - بخەینە دەست. بەرانبەری کە ڕۆژاوایی پێی دەڵێن سوسیالیزم - کە لاگیری هەژارانە و دژی بەرەی زۆردارانە - تا بڵێی باشە و لە چەرخی نۆزدە و بیستەما بۆتە هۆی زۆر ڕاپەڕینان کە ئیستعماری ڕاوناوە و بەشی بێ بەشانی داوە؛ کە عیرفانە بێ خەوشەکەش لای پەسندە. هەرخۆیی کە ناوە ئورووپایەکەی «ئیگزیستانسیالیزمە» کە لای وایە ئازادی مافی مرۆڤە، بیرێکی ڕاست و دروستە و عیرفان و یەکسانی ژیانیش بێ ئازادی بیر و باوەڕ ناتەواون. ئەگەر هەرسێک پێکەوە بن، هەریەک لەوان هەم ئامپایی، هەم ئازادی، هەم عیرفانە. هەرگا ئەو سێیە یەک بگرن، گەندەڵی پڕ لە تەنبەڵی و سوسیالیزمی سەرزارەکی و پڕ لە گزی و ئازادی قالۆنچەبازی و بەنگ کێشی و لە ژیان وەڕەزی، پێدزە دەکەن، کووزوو دەبن و بۆی دەردەچن. ئەم سێ چوکڵە ڕاست و تیژە بە دادراوی، هەر یەکەیان بۆ ئەویدی دەبنە پەرژینی چوقڵاوی و پاسداری لە یەکتر دەکەن.

جا ڕەنگە هێندێ کەس بڵێن: پەکوو لەوێ حەلامەتێ! جاکوو ئەو سێ دۆزە قۆزەت لۆ لێک دەدرێ؟ کێ ئەو ماشەرە ئاڵۆزەی یەکلا دەکا و پساوەکەی بۆ تێک دەخرێ.

من بۆ وەرامی ئەوانەی ئەم چون و پەکووانە دەڵێن، دەڵێم:

هەرسێک ڕۆژێک لە ئیسلامی ڕاستەقینەکەی پێشوودا لێک کۆ ببوون. لێت تێک نەچێ! گوتم ئیسلامەکەی پێشوو نەمگوت ئێستا. نیازم ئیسلامی قورعانە؛ نەک ئەوەی ئێمە هەمانە. کە نێوانیان

عاسمان و ڕێسمانه. هەر کەس وەک ئیسلامی پێشین بڵێ هەر قورعان ئیمامه و کەسی تر نا، زۆرە موسوڵمانی ئەمڕۆ بێ شک بە کافری دەزانن. ئیسلامی ڕاست نە ئەوەیە کە باوکە خوالێخۆشبووەکان فێریان کردین ببین بە شیعە، بە سوننی و دەسەر و گوێی یەکتر بەربین. دەتوانم بڵێم تاوێستا کەسی وامان تێدا نەبووە، خوا - وەک لە قورعاندا هەیە - بە مەردمی بناسێنێ.

عیرفانی قورعانێ دەڵێ: «ئەم زەمین و بەرزاییانەی لە سەرتانە، ڕۆژی ڕووناک، شەوی تاریک، بەڵگەی خاوەن ئاوەزانن کە بە پێوە یان لە جێوە لە سەر پشت یان لە سەر تەنشت پاڵ دەکەون و داناکەون. بیر لەو کردە سەرسووڕێنە لە وەستا واق وڕمێنەکەی دەکەنەوە و دەڵێن: خوایە! تۆ ئەمانەت لە هیچێ نەخستۆتە ڕوو.«

عیرفانە وشکەکەش دەڵی نابێ دەس دەکاری خوا دەی. نابێ بڵێی ئەم بایە لە کام کون ڕا دێ؟ ئەو بارانە چۆن دەبارێ؟ بیر کرنەوە لەو شتانە بۆ دین و دنیات زیانە و بەهەشتەکەت لە کیس دەچێ. دەشڵێن دنیا هیچە و پووچییەکەی وەک بڵقی ئاوە و بیر لێ کرنەوەی بڵاوە.

قورعان دەڵێ: «عاسمان و زەوین و هەر چی لە ناو ئەو دووانەدان هیچمان لە پووچێ ساز نەدا. ئەوی بە پووچی دەزانن کافرەکانن. » ئێستا بەو پێودانە بێ، وشکەمەلا - وەک جووی فەقیر - هەر دوولایان لە دەس چووە.

خوای فەرمووبە: «ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم ناوە». بزانە دەڵێ: ئادەمی، ناڵێ مەرجە سپی پێست یان موسوڵمان بێ. ئەم ئایەتە هەموو توخمی مرۆ، لە ڕەش و بۆر و زەرد و سوور و گەنم ڕەنگ و کاڵ و چاوشین دەگرێتەوە. گاور و گاوپەرست و جوولەکە و بابی و بەهایی و عەلیەڵڵاییش بەر دەکەون.

خوا فەرموویە: «کەسێ گیانێک بێ سوچ و تاوان بکوژێ، وەک هەموو مەردمی کوشتبێ وایە. یەک لە مردن ڕزگار کردن، وەک نەجات دانی گش مەردم لە مردنە»؛ «ئەی مەردم! ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێوێک خستەوە. کردیشمانن بە چەندین ڕەگەز و تیرە، بۆ ئەوە یەکتر بناسن. کێ لە کاری ناڕەوا بە پارێزترە لە کن خودا بەڕێزترە«.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: «مەردم وەک ددانەی شانە وانە. ئەگەر چەن دانە لەوانە نزمتر یان زێدە زەق بن، وە شانە حەساو ناکریە». خوا و پێغەمبەر هەر فەرموویانە مەردم. نەیان فەرموو ئەشێ سوننی یان شیعە بێ؛ نایژن دانەی سپی شانە لە دگانەی ڕەش خاسترن. پێغەمبەر نەیوت عەولادم لە خەڵکی دی لە پێشترن. سا با بزانین داخۆ کام زانای زەمانە دەربارەی لێ تۆژینەوەی ئەم زەمین و عاسمانانە، دەربارەی بەرانبەریەتی تیرە و چینان، ئازادی بۆ بیر کرنەوە، هێژاتر لەمانەی هەبووە؟

بەڵام با لە بیرمان نەچێ، گوتمان قورعان و پێغەمبەر، نەمانگوت مەلا و موشتەهید، ئاخوند، مفتی، شێخ، کتێبی پیوازی و پەڕ زەرد. نەمانگوت مێزەر بەسەرێ کە بە تۆزێ زێر و کوتاڵ، ئوباڵ بۆ زاڵم دەکێشێ، هەقی هەژاران پاماڵ کا.

ئەگەر ئێمە موسوڵمانی بەڕاستین و جیا لە خودا ناپەرستین، دەبێ وەک سوێندەکە بێژین: خودا یەکە و نابێ بە دوو. باش دە ماناکەشی بگەین، نە سوژدە بۆ بتی بەردین، یان بە ڕدێن و جبە و مێزەر دەبەین، نە بۆ شا و میر و وەزیر و نە بۆ ئاغا و کوێخا و گزیر کڕنۆش دەکەین. لە خوا نەبێ لە هیچ کەسی تر ناترسین. لە ڕێی فێر بوونی زانستا، لە سووچی حوجرە واز دێنین؛ دەچینە چین؛ وەکوو پێغەمبەر فەرموویە. بۆ سەربەستی چینی بن دەست، بە گژ داگیر کەردا دەچین. بۆ ئازادی بیر و باوەڕ، ناڵێین چونکە ستالین و ئەنوەر خۆجە، مەلای چاوڕەش، شێخی سەرشین بڕیویانە، بێدەنگ دەبین.

هێندێک دەڵێن موسوڵمان بەرانبەر یەزدان، هێندە خۆی بێ نرخ دەکا، کە بۆ پایەی مرۆ ناشێ. خواشیان هێندە لا بەهێزە کە نیشانی داماوی خۆیان دەردەخەن.

واتا: «فویرباخ «گوتەنی: «خوای لاوازان لە خوای سازان بەهێزترە؛ چونکە ئەوان زەبوونترن. بۆ خۆیان دەستیان ناچتە کار. ناچار یەخەی خودا دەگرن. ئەوی لە زەوی پێی ناگەن، لە خوای عاسمانی دەخوازن«

ئەم دەستە ڕەخنەگرانە لە سەرێکەوە هەقیانە؛ چونکە ئێمەی ئیسلامی ئێستایان دیوە کە وەک مەیموون لاسای هەڵپەڕێنەکەمان، چەشنی تووتی قسەی فێرکار دەکەینەوە. فێرکار و هەڵپەڕێنەکەش یان زۆر ساویلکە و نەزانن، دە هیچ ناگەن؛ یان فێڵەباز و دەسبڕن؛ نایانەوێ بۆرەپیاگ تێگەیشتوو بێ. ئەگەر ئەو توانج دەرانە تەواو شارەزای ئیسلام بن، تێدەگەن بە هەڵەدا چوون.

بەڵێ ئیسلام خودا بە گەورە دەزانێ و لە بەرانبەر بەرزی ئەودا خۆی زۆر بە نزم دەزانێ؛ بەڵام بەرانبەر بە خەڵکی هەتا بڵێی سەرفەراز و بێ نیازە. بۆ خوا سەر دەنێتە سەر خاک؛ بەڵام بۆ کەس لە سەر زەوی نەوی نابێ. دەڵێ خوایە! بە بەزەی خۆتم بسپێرە؛ بەڵام لە ڕووی بێ بەزەییان مێرە، شاڵاوبەرە، شێرە. دەکرێ بڵێین ئەوانەی خوداپەرستن، پایەبەرزیشن؛ نەویشن. خۆیان بە هیچ حەساو ناکەن؛ هەر خۆشیان هەموو شتیشن. لە دەمێکا خۆ لە خۆ جودا دەزانن. هەر ئەو کاتەش خۆیان بە خودا دەزانن. ئەم نەریتە تایبەتیە هەر بۆ خواناسی ڕاستە و بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە. ئەگەر نەڵێن شەریعەتی لایەنگری مەزهەبێکە - هەر چەندە وەکوو بیستوومە تاوانی لایەن نەگیریم وەپاڵ دەدەن! - عەلی کە ئەو باش دەناسم بۆ نمونە دەهێنمەوە:

عەلی هەرسێک ئاکارە لە بارەکانی باسمان کردن تێدا هەبوو. ڕامان بۆ خودا و کرگاری هێندە کاری لێکردبوو کە زۆر جاران دەچووە چۆڵان، دەیگاڵاند و دەیناڵاند و لەخۆ دەچوو. ئێمەی نەزان لامان وایە

گلەی لەو ئازارە بووە کە مەدینەیی داویانە. یان بۆ گوندی فەدەک بووە. بە ڕاستی لە ڕاستی دوورین! تینی ئاگری ئەوینی بە خواگەیین تینی داوە و بەرەو سارای ڕەتاندووە و تا نزیک خودای بردووە. ئەمە باری عیرفانەکەی. بۆ هاوبەشی و بیروای ئازادی چۆن بووە؟ ئیمام عەلی فەرمانڕەوا لە سەر هەتیوی زۆر لێکراو، لە سەر ژنێکی جوولەکەی ئازار دراو، وا دێتە جواو کە سوسیالیستان بۆڕ دەدا. هاوار دەکا: من ئەمیر بم و فەقیرێک زوڵم و ناهەقی لێ کرابێ. ئەگەر بەو داخەوە بمرم، کەس نابێ سەرکۆنەم بکا. ئەو دەردە هێندە بەژانە پیاو دەکوژێ. بۆ ئازادی بیر و باوەڕ، لە فەرمانی خودا بەدەر، گوێی بە واتەی کەس نەداوە. تەنانەت لە سەر ئەم هەقە، برای خۆشی لێ ڕەنجاوە.

من دەمەوێ وەک عەلی بین. هاوبەشی و ئازادی و عیرفان لێک وەکۆ کەین. بیکەینە بەردی بناغە و کۆمەڵگامان وەکوو پێشوو لەسەر ئەو هیمە هەڵچنین. ئەوسا دەکرێ بڵێین خزمەتمان بە گەل کردووە و ئەرکی خۆمان پێک هێناوە.

سوەچاوەی تیکست

vejin.net